# پایەی حەیا و شــەرم لە ژیانی مسـوڵماندا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

یاسـین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی :**پشـتیوان سـابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ منزلة الحياء في حياة المسلم ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# پایەی حەیا و شــەرم لە ژیانی مسولْماندا

پێشەکی:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين وعلى آله وأصحابه أجمعين.

- مەبەست لە دروست بون و هێنانەدی مرۆڤ پەرستنی خوای گەورەیە، بە پەرستنێکی تەواو هەروەك چۆن لە قورئان و فەرمودەدا هاتووە، پەروەردگاری کاربەجێش لەم بارەیەوە فەرمویەتی: {وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ} الذاريات ٥٦.

- لەپەیام و شەریعەتی خوادا پەرستنەکان و رەوشتەکان یەك رستەن، رەوشت پەیوەندییەکی توند و بەهێزی هەیە بە رێبازو بیروباوەڕی ئیسلامەوە، ناونیشانی پابەندبونە بە عەقیدەو بەڵگەی گەردنگیرییە بە رێباز و بەهاکانەوە. بە تێفکرین و وردبونەوە لە قورئان و فەرمودە، دەبینین لە سایەی سێبەری ئیسلامدا هەموو حاڵەت و بارێکی مسولْمان رێکخراوە، لە نێویاندا رەوشتەکان. لە گەورەیی و گشتگیری ئەم ئایینە پیرۆزە ئەوەیە کە ئاینی رەوشتە بەرزەکان و سروشتە جوان و بەسودەکانە. رەوشت لایەنێکی کرداری خواپەرستیەو رەنگدانەوەی ئاین و بیروباوەڕە لە رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤدا. خەڵکی بە تەنها ناڕواننە خواپەرستی و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە، بەڵکو ئەوەی بەلای

خەڵکیەوە گرنگ و خوازراوە، ئەوەیە ئەو کەسەی پابەندە بە خواپەرستی و عیبادەتەوە چەندە رەوشت و ئاکاری هاوسەنگە و لەگەڵ دینداربیەکەیدا یەکدەگرێتەوە.

- خواپەرستی زیاتر پەیوەندی نێوان بەندەیە بە خوای گەورەوە، رەوشتیش زیاتر پەیوەندییە لە نێوان بەندەو خەڵکانی تردا.

- خواپەرستی راستەقینە بەربەستێکی قایمە بەرامبەر بە داڕوخانی رەوشت و بەهاکان. چونکە رەوشت و بەهاکان هەرچەند رەگ و ریشەیان لە نێوکۆمەڵگادا قایم و تۆکمە بێت، هەر توشی دەسکاری و گۆڕین و لادان دەبێت، گەر وابەستە نەبێت بە عەقیدەو رێبازو بیروباوەڕێکی خواییەوە.

- ئەوانەی دەیانەوێ لە دەرەوەی بازنەی ئایین رەوشت و بەهاکان بپارێزن، لە خۆ فریودان و خەڵك فریودان بەولاوە هیچی تر نادورنەوە، مێژووی کۆن و نوێ گەواهی بۆ ئەم راستیە دەدەن.

- چاکبونی ژیانی تاك و دامەزراوی سیستمی کۆمەڵگا دانامەزرێت، گەر لەسەر رێنماییەکانی شەریعەتی خوا نەبێت، لە نێویاندا مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکیدا بەڕەوشتی جوان و بەرزەوە لە هەموو بوارەکاندا. هەرکات تاکەکانی کۆمەڵ هەستیان بە ئەرکی سەرشانیان کرد و بەدڵنیاییەوە جێبەجێیان کرد، ئەوکات کاروبارەکان دامەزراو دەبن و بەهاکان جێگیر دەبن و شارستانی بنیات دەنرێت.

لە نێو رەوشت و بە ها بەرزەکاندا حەیاو شەرم بە پێوەرێکی بەرزی رەوشتی جوان دادەنرێت. هەروەك دایکی ئیمانداران عائیشە (خوای لێ رازیبێت) فەرموویەتی: (رأس مكارم الاخلاق الحياء) پابەندبوون پێوەی خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ.

- گەر باسکردنی حەیاو شەرم وەك پایەیەکی بەرزی رەوشت جوانی پاساوی خۆی هەبێت، ئەوا لەم بارودۆخ و سەردەمەدا کە رەوشت و بەها ئیسلامیەکان کاڵبونەوەیەکی زۆری پێوەدیارە لە ژێرکاریگەری و فشاری جۆراوجۆردا.

ئەمڕۆ لە جاران زیاتر پێویستیمان بەم رەوشتە هەیە چونکە رەوشتێکە کاریگەرێتی هەیە لە سەرئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگا و نەتەوە، رەوشتێکە لەم سەردەم و قۆناغەدا تا رادەیەك نامۆ بۆتەوە. کاتێك ئەم رەوشتە لە نێوماندا ونبوو ئەوا کۆمەڵگا خراپ دەبێت و شیرازە تێك دەچێت. شەرمو حەیا رەوشتێکە هەرچەند پێوەی پابەند بین ئەوکات کۆمەڵگا خاوێن و پاك و بێگەردتر دەبێت، هەرچەند لێی دورکەوینەوە کێشەو گرفت لەکۆمەڵگادا زیاد دەکات و بەرەو کەناری فەوتان و تیاچون دەڕوات.

- لە میانەی ئەم باسە گرنگ و هەستیارەدا بە پشتیوانی خوای گەورە لە روانگەی قورئان و فەرمودەو ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵانی و زانایانی پێشین و واقیعی کۆمەڵگا، لە چەند بەشێکدا بەکورتی بەشێوەیەکی زانستیانەو بابەتیانە لەم بابەتە دەدوێین. مەبەستمان لەم کارە رەزامەندی پەروەردگارو دواتر بەخۆداچونەوەو بەرچاوڕوونی بەمەبەستی زیاتر پابەندبونی گەلەکەمان بەخوڕەوشتی جوانی ئیسلامی بەگشتی و لە نێویاندا پابەندبوون بە حەیاو شەرمەوە.

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا إله إلا أنت أسغفرك وأتوب إليك.

## بەشی یەکەم: پایەی شەرم لە شەریعەتی ئیسلامدا

شەرم رەوشتێکی گەورە و شکۆیە و پایەیەکی بەرزی هەیە لە شەریعەتداو، ئیسلام فەرمانی پێکردوەو سەلماندوێتی و هانی داوە.

پێغەمبەری ئازیزیش (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (لكل دين خلق وخلق الإسلام الحياء، من لا حياء له لا دين له) الراوي : معاذ بن جبل المحدث :ابن عبدالبر -المصدر :التمهيد - الصفحة أو الرقم21/142 :خلاصة حكم المحدث :إسناده حسن.

بەواتای هەموو ئاینێك رەوشتی خۆی هەیەو رەوشتی ئیسلامیش شەرم وحەیایە. پێغەمبەری ئازیزیش ( صلى الله عليه وسلم ) بە رەوشت بەرزی وەسف کراوە هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ القلم: ٤.

پێغەمبەری پێشەوامان( صلى الله عليه وسلم ) مامۆستا و رابەرمانە و فەرمانمان پێکراوە کە شوێن کەوتەی رێبازو پەیام و رێرەوو سیرەتی بین، چونکە خاوەنی بەرزترین رێبازی حەیاو شەرمە، ئەوەتا ابو سعيد الخدری_ خوای لێ ڕازیبێت دەفەرموێت: (كان النبي صلى الله عليه وسلم أشد حياء من العذراء في خدرها، فإذا رأى شيئا يكرهه عرفناه في وجهه) . الراوي :أبو سعيد الخدري، المحدث :البخاري -المصدر :صحيح البخاري - الصفحة أو الرقم 6102 :خلاصة حكم المحدث:[صحيح].

بەواتای پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم ) زۆر بەشەرم و حەیاتر بووە لە کچە عازەبیماڵەوە، گەر شتێکی بدیبایەو حەزی پێنەکردایە بە دەم و چاویەوە دەمانزانی و بە سیمایەوە دیاربوو.

ئەمەو بە هۆی پایەبەرزی و شکۆیی پێگەی شەرم کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا بۆتە هاوتای ئیمان، هەروەك پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) فەرمویەتی (الحياء والإيمان في قرن فإن سلب أحدهما اتبعه الأخر). الراوي :عبد اللّٰه بن عباس المحدث :ابن عدي -المصدر :الكامل في الضعفاء - الصفحة أو الرقم 8/493 :خلاصة حكم المحدث] :فيه] يوسف بن خالد رواياته فيها نظر قد أجمع على كذبه أهل بلده .

بەواتای شەرم و باوەڕ هەردوو وابەستەن پێکەوە، گەر یەکێکیان هەڵگیراو نەما ئەوی تریشیان نامێنێت .

پێغەمبەریش (صلی اللّٰه علیه وسلم ) حەیاو شەرمی بە بەشێك لە ئیمان داناوە و بە بێ وی ئیمان کامڵ و تەواو نابێت، هەربۆیە فەرمویەتی (الحياء من الإيمان والإيمان في الجنة والبذاء من الجفاء والجفاء في النار). الراوي :أبو هريرة المحدث: المنذري.المصدر :-الترغيب والترهيب - الصفحة أو الرقم 3/348 :خلاصة حكم المحدث : رجاله رجال الصحيح.

بەواتای شەرم لە باوەڕدایە، باوەڕیش لە بەهەشتدایە، دەم درێژی و زمان پیسی لە توڕەیی و دڵ رەقیدایە، دڵ رەقیش لە دۆزەخدایە .

هەروەها فەرمویەتی (ما كان الفحش في شيء إلا شانه ، وما كان الحياء في شيء إلا زانه) . الراوي :أنس بن مالك المحدث :الترمذي -المصدر :سنن الترمذي - الصفحة أو الرقم1974 :خلاصة حكم المحدث :حسن غريب.

بەواتای كارو وتەی ناشیرین و نایەجێ لەهەر شتێكدا بێت دەبێتە مایەی ناوزڕان و سوك و ریسوایی، شەرمیش لە هەر شتێكدا بێت جوانی دەكاو دەیڕازێنێتەوە .

شەرم هەرچەندە لە غەریزەو سروشت و ماكی مرۆڤدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رەوشت ونەریتی ئیماندایە. پێغەمبەری خواش(صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی (الإيمان بضع وستون شعبة، والحياء شعبة من الإيمان) . الراوي :أبو هريرة المحدث : البخاري -المصدر :صحيح البخاري - الصفحة أو الرقم9 : خلاصة حكم المحدث:[صحيح].

بەواتای باوەڕ حەفتاو هەندێك بەشە، شەرمیش بەشێكە لە باوەڕ .

نهێنی بونی حەیا لە ئیماندا بەندە بەوەی هەردوكیان بانگەشەن بۆ خێروچاكە و خۆپارێزی و ، دوركەوتنەوە لە شەڕو خراپە. ئیمان هانی پڕواداران دەدات بۆ كاری چاكەو دوركەوتنەوە لە تاوان و گوناهو خراپە. شەرمیش خاوەنەكەی دەپارێزێت لە بەزایەدانی مافی خواو كەمتەرخەمی لە سوپاس گوزاری پەروەردگار، دەیپارێزێت لەكردارو گوفتاری خراپ، هەروەها دەیپارێزێت لە سەرزەنشت و گلەیی و گازندەی خەڵكی.

ابن عبدالبر لە حەزرەتی سولەیمانەوە سڵاوی خوای لێبێت دەگێڕێتەوە (الحياء نظام الايمان فاذا انحل النظام ذهب ما فيه) .

شەرم پەیرەوو سیستەمی ئیمانە گەر سیستەمەكە ترازاو نەما ئەوەشی تێیدایە بەزایەدەچێت و نامێنێ.

شەرم بەبەشێك لە ئیمان دانراوە، لە بەرئەوەی ئیمان دابەش دەبێت بۆ بەجێهێنانی فەرمانەكانی خودا و وازهێنان و دوركەوتنەوە

لەو شتانەی خوا قەدەغەی کردون، گەر دورکەوتنەوە و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان هاتەدی بە هۆی شەرمەوە واتە بەشێك لە ئیمان هاتۆتە دی.

بە واتایەکی تر شەرم خاوەنەکەی دەپارێزێت لە ئەنجامدانی حەرام و قەدەغە کراوەکان کردار بن یان گوفتار، هەروەها ئیمانیش هەمان رۆڵ دەبینێت و تەواوکەری یەکترن. هەربۆیە شەرم کردن خێروچاکەیە و هەرئەوەشی لێ فەراهەم دێت و مادەو هەوێنی خێرە و بەڵکوهەموو خێرێکە. ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (صلی اللّٰه علیه وسلم ) فەرمویەتی (الحياء لا يأتي إلا بخير) صحيح البخاري.

هەروەها فەرمویەتی (الحياء خير كله) قال الراوي أو قال (الحياء كله خير) صحيح مسلم .

ئیمامی نەوەوی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەم بارەوە فەرمویەتی شەرم هەمووی خێرەو تەنها خێری لێدێتە دی، لای هەندێك بۆتە مایەی ئاڵۆزی، لە میانەی ئەوەی کەسەکە خاوەن شەرمەو شەرم دەکات لە گەیاندنی حەق، ئەمەش وا دەکات فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە نەکات، یان شەرمنیەکەی دەبێتە مایەی فەوتانی هەندێك لە مافەکانی. بەڵام زانایان لەم بارەیەوە فەرمویانە ئەمانە شەرمی راستەقینە نین بەڵکو لاوازی و سستیە، بە پێی دابونەریتی خەڵك پێی دەوترێت شەرم. حەقیقەتی شەرم و حەیا رەوشتگەلێکە هانی مرۆڤ دەدات بۆ وازهێنان لە شتە خراپ و ناشیرینەکان و رێگری دەکات لە کەمتەرخەمی لە مافی خاوەن مافەکان و... هتد.

شەرم رەوشتێکی بەرزەو مرۆڤ دەپارێزێت لە رەفتاری نەوی و نەشیاوو ناوبانگی خراپ و وتەی ناشیرین و هەرشتێك کە نەشێت

لەگەڵ سیماو سروشتی دروستدا، هەروەها بەرگری لەبەزایە دانی مافی خاوەن ماف دەکات.

سەبارەت بەوەی شەرم و حەیا بنچینەو بنەمای هەموو خێر و چاکەیەکە، ئیمامی ابن القیم ( رەحمەتی خوای لێبێت ) لەم بارەیەوە دەلێت : رەوشتی شەرم و حەیا لە چاکترین و مەزنترین و شکۆترین وبەسودترینی رەوشتەکانە، بەڵکو لە تایبەتمەندێتی مرۆڤەکانەو پێی دەناسرێتەوە، هەرکەس شەرم و حەیای تێدا نەبوو ئەوا لە مرۆڤایەتی دا جگە لە گۆشت و خوێن و روکەشی دەرەوەی، هیچی تری تێدا نییە، هەروەها هیچ جۆرە خێرو چاکەیەکیشی لەباردا نییە، وەئەگەر ئەم رەوشتە نەبوایە ئەوا رێزی میوان نەدەگیراو، پەیمان و بەڵێنەکان جێبەجی نەدەکران و، ئەمانەتەکان نەدەگەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان، پێداویستی کەس جێبەجێ نەدەکرا . پیاو نەدەگەڕا بۆ شتی جوان تا شوێن کەوتەی بێت وەشتی خراپ تا لێی دورکەوێتەوە، داوێنی دانەدەپۆشی، دوور نەدەکەوتەوە لەکاری خراپ و نابەجێ . زۆرێك لە خەڵکی گەر ئەو شەرم و حەیایەی تیایاندایە نەبوایە، ئەوا ئەو شتانەی کە فەرز کرابوو لە سەریان جێبەجێیان نەدەکرد، رەچاوی مافی خەڵکیان نەدەکرد، سیلەی رەحمیان بەجێ نەدەهێنا، لەگەڵ باوکیاندا چاك نەدەبوون . هاندەرو پاڵنەری ئەم جۆرە کاروکردەوانە، یان هاندەرێکی ئاینین کە بریتیە لە هیوای بەدەست هێنانی ئایندەیەکی باش و ستایش کراو، وەیان هاندەرێکی دنیایی گەورەو باڵایە، کەبریتی یە لەشەرم و حەیای خاوەنەکەی لە خەڵکی. بێگومان رون بۆتەوە گەر شەرم و حەیا نەبێت لە خوا یان لەخەڵکی ئەوا کەس ئەو کارە چاکانەیان جێبەجێ نەدەکرد.

شەرم دەشێت لە نێوان بەندەو خوای گەورەدا بێت، بەندە شەرم بکات خوای گەورە بیبینێت لە کارێکدا کە نەهی لێکردووە، ئەم جۆرە

حەیایە لەم فەرمودەیەدا بە جوانی رون دەبێتەوە (استحيوا من الله حق الحياء .قال : قلنا : يا نبي الله ! إنا لنستحيي والحمد لله . قال : ليس ذلك ، ولكن الاستحياء من الله حق الحياء ؛ أن تحفظ الرأس وما وعى ، وتحفظ البطن وما حوى ، ولتذكر الموت والبلى ، ومن أراد الآخرة ترك زينة الدنيا، فمن فعل ذلك فقد استحي من الله حق الحياء). الراوي :عبدالله بن مسعود المحدث :الألباني -المصدر : صحيح الترغيب - الصفحة أو الرقم2638 :خلاصة حكم المحدث : حسن لغيره.

ئەم فەرمودەیە نیشانەكانی شەرم كردن لە خوای گەورەی رون كردۆتەوە، كە بریتی یە لە پاراستنی ئەندامەكانی لاشە لە گوناهو تاوان، بیركردنەوە لە مردن و وابەستە نەبوون بە دنیاوە، بە شێوەیەك حەزو ئارەزووی دونیا سەرقاڵت نەكات و دورت نەخاتەوە لە ژیانی دوارۆژ، لە لاپەڕەكانی تردا زیاتر لەسەرئەم فەرمودەیە دەدوێین.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (اللهم لا يدركني زمان ، و لا تدركوا زمانا ، لا يتبع فيه العليم ، و لا يستحيى فيه من الحليم ، قلوبهم قلوب الأعاجم ، و ألسنتهم ألسنة العرب) . الراوي :سهل بن سعد الساعدي المحدث :الألباني -المصدر : السلسلة الضعيفة - الصفحة أو الرقم: 1371، خلاصة حكم المحدث :ضعيف.

بەواتای خوایە سەردەمێك نەبینم و ئێوەش نەیبینن کە خەڵکی شوێنی زانایان ناکەون و کەس شەرم لە دڵنەرمەکان ناکات، دڵەکان دڵی بێگانەیەو زمانەکان زمانی عەرەب .

هەروەها پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم ) پیاوێك داوای راسپاردەو ئامۆژگاری لێکردوئەویش پێی فەرموو: (أوصيك أن تستحيي من الله كما تستحيي رجلا صالحا من قومك) الراوي :سعيد بن يزيد المحدث :أبو حاتم الرازي -المصدر :المراسيل ابن أبي حاتم -الصفحة أو الرقم: 68 ، خلاصة حكم المحدث :سعيد بن يزيد لا صحبة له.

بەواتای شەرم لە خوا بکە هەوەك چۆن شەرم لە پیاوچاکێکی گەلەکەت دەکەیت.

زانایان فەرمویانە شەرم کردن بەندە بە ژیانەوە و بە پێی ژیانی دڵ و دەرون رەوشتی شەرمنی هێزو تواناو بونی هەیە، کەمی شەرم لە مردنی دڵ و گیاندایە، یەکەمین پایەی شەرم، شەرم کردنە لە خوای گەورە، ئەمەش بەوە دێتە دی، نەتبینێت بە شێوەیەك کە نەهی لێکردووە ئەمەش بە ناسین و چاودێری خوای گەورە دێتە دی، هەر بەو مانایە دێت کە لە فەرمودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) ناسراو بە فەرمودەی جبريل، هاتووە کە پرسیاری لێدەکات سەبارەت بە (الاحسان) ئەویش فەرموی ( الإحسان : أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك ). الراوي :أبو هريرة المحدث : البخاري -المصدر :صحيح البخاري - الصفحة أو الرقم4777 : خلاصة حكم المحدث:[صحيح]

بە واتای وا خواپەرستی بکە هەروەك چۆن خوا دەبینیت، گەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا خوا تۆ دەبینێت. ئەم جۆرە شەرم کردنە بەرزترین نەریت و ئاکاری پڕوایەو شکۆترین پلەکانی ئیحسانە.

شەرم کردن وابەستەی بەندەی ئیماندارەو لێی جیانابێتەوە، وەك سێبەر وایە بۆ خاوەنەکەی، لە بەرئەوەی شەرم کردن بە شێکە لە عەقیدەو بیروباوەڕی مسوڵمان. پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوە فەرمویەتی (الحياء من الإيمان) متفق عليه.

هەروەها فەرمویەتی: (إن مما أدرك الناس من كلام النبوة الأولى : إذا لم تستح فاصنع ما شئت) رواه البخاري.

ئەم فەرمودەیە لە شێوەی فەرماندا هاتووە، بەڵام ماناکەی سەرزەنشت و هەڕەشەکردنە، ئەم فەرمودەیە چەند راڤەیەك لەخۆ دەگرێت لەوانە راڤەیەکی بەناوبانگە کە دەڵێت: ئەگەر شەرم لە نەنگی ناکەیت و لە ئاپڕوچون ناترسیت، ئەوەی دەرونت پێت دەڵێت و فەرمانت پێدەکات ئەنجامی بدە، جا کارەکە چاکە یان خراپە، فەرمودەکە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە ئەوەی مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە خراپە تەنها شەرم کردنە، ئەگەر شەرم نەبوو دەرونی خۆی فەرمانی پێدەکات و گیرۆدەی دەکات بۆ ئەنجامدانی گومڕایی و خراپە کردن .

لەکۆتایی ئەم بەشەدا بۆ رازانەوەی باسەکەمان، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بە سەرگوزشتەیەکی مێژوویی بدەین:

دەڵێن پیاوێك هاتە لای ئیبراهیمی کوری ئەدهەم (رەحمەتی خوای لێبێت) وتی: ئەی ئیمام، دەمەوێت تۆبە بکەم و واز لە گوناهو تاوان بهێنم، بەڵام بۆم ناکرێت و دووبارە دەگەڕێمەوە سەری، شتانێکم

نیشان بدە بمپارێزێت و چیتر لەخوا یاخی نەبم و تاوان و گوناه ئەنجام نەدەم.

ئیبراهیم پێی وت: ئەگەر ویستت لەخوا یاخی بیت ئەوا یاخی مەبە لەسەر زەمینەکەیدا؟ پیاوەکە وتی: ئەی لەکوێ یاخی بم؟! ئەویش پێی وت: لە دەرەوەی موڵك و زەمینی خوادا! پیاوەکە وتی: چۆن دەبێت ئەی ئیمام؟! زەوی هەموو موڵکی خوایە! ئیبراهیم پێی وت: ئایا شەرم ناکەیت، دەڵێی زەوی هەموو موڵکی خوایەو لەسەر زەوی خوادا تاوان و گوناه دەکەیت؟

هەروەها بە پیاوەکەی وت: ئەگەر ویستت یاخی بیت و تاوان بکەیت، ئەوا رزق و رۆزی خوا مەخۆ! پیاوەکە وتی: ئەی چۆن بژیم؟ ئەویش پێی وت: ئایا شەرم ناتگرێت، رزق و رۆزی خوا دەخۆیت و دواتر لێی یاخی دەبیت؟!

ئینجا پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر ویستت یاخی بیت، لە شوێنێکدا لێی یاخی بە کە نەتبینێت! پیاوەکە وتی: ئەوە چۆن دەبێت، لە هەر کوێیەك بین خوای گەورە لەگەڵماندایە ؟! ئەویش پێی وت: ئایا شەرم ناکەیت خوات لەگەڵدایەو لێشت نزیکە، کەچی هەر یاخی دەبیت؟

ئینجا پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر یاخی بوویت، ئەوکات گەر فریشتەی گیانکێشان هات بۆ گیانکێشانت، پێی بڵێ مۆڵەتم بدە تا تۆبە دەکەم! پیاوەکە وتی: کێ دەتوانێ ئەوە بکات؟! ئەویش وتی: ئایا شەرم ناکەیت فریشتەی گیان کێشان بێت و گیانت بکێشێت، تۆش لەنێو تاوان و یاخیبووندا بیت؟!

دواتر پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر ویستت یاخی بیت و گوناه بکەیت، ئەوا گەر کارگوزاری دۆزەخ هاتن و پەلکێشیان کردیت بۆ نێو

ئاگر، پێیان بڵێ: لەگەڵتاندا نایەم. پیاوەکە وتی: ئەوە چۆن دەبێت ئەی ئیمام؟! ئیبراهیم پێی وت: ئایا شەرم لەخوا ناکەیت، دوای رونکردنەوەی هەموو ئەم راستیانە.

**بەشی دووەم: بەشەکانی شەرم کردن:**

زانایان لە میانەی چەند بایەخ و پێوەرو رەچاو کردنێکەوە، بەپێی خوێندنەوەیان بۆ دەقەکان، شەرم کردنیان دابەش کردووە. ئێمەش لێرەدا بە دوو سەرەباسی سەرەکی رونی دەکەینەوە:

**باسی یەکەم: دابەشکردنی لە میانەی بنچینەی حەیاوە:**

دەکرێت شەرم کردن وەك بنەڕەتێك دابەشی بکەین بۆ دوو بەش:

١- شەرمی خۆرسکی و خۆماکی: ئەم جۆرەیان لە بنەچەو بنچینەی دروست بوونی مرۆڤدایە.

٢- شەرم کردنی وەرگیراو: ئیمامی قورتوبی فەرمویەتی (الحياء المكتسب: هو الذي جعله الشارع من الايمان، غير ان من كانت فيه غريزة الحياء فانها تعينه على المكتسب، وقد يتطبع بالمكتسب حتى يصير غريزيا... )

هەروەها وتراوە شەرم وەرگیراوە وەك رەوشت وهەموو کارە چاکەکانی تر، یان خۆماکەو بەکارهێنانی لە روانگەی شەرعەوە پێویستی بە وەرگرتن و نیەت و زانست هەیە،لەم باریەوە ئیمامی قورتوبی وتویەتی (وكان النبى (صلى الله عليه وسلم ) قد جمع له النوعان من الحياء: المكتسب، والغريزي، وكان فى الغريزى اشد

حياء من العذراء فى خدرها. وكان فى المكتسب فى الذروهة العليا)

**باسی دووەم: بەشەکانی شەرمکردن**

دەکرێت بەم شێوازەی خوارەوە شەرم کردن دابەش بکەین بۆ چوار خاڵ:

**یەکەم / شەرم کردن لە خوای گەورە:**

ئەمەیان بەگەورەترین جۆری شەرم دێتە ئەژماردن، ئەمەش بەوە دەبێت ناکرێت بەندەکان چاکەو فەزڵ و نیعمەتەکانی خوای گەورە بە سەریانەوە بە خراپەو کوفرو ستەم و نکوڵی کردن وەڵام بدەنەوە، لەکاتی بەڵاو گرفت و تاقی کردنەوەدا ناکرێت بەندەکان هاواریان لێ هەڵسێ و چاکەو منەت و رەحمەتی خوای گەورە بەسەریانەوە لە بیربکەن، ئەمەو دەبێت بەندەکان پابەندبن بە بڕیار و فەرمانەکان و رێگرییەکانی پەروەردگارو بەراستی لە خوای گەورە بترسن.

ئەم جۆرە شەرمە بەوە دێتەدی بەندەکان بیر لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەنەوە، کە نیعمەت گەلێکی فراوان و گشتگیرە، دواتر بەندەکان بەخۆداچونەوەی دەرونی خۆیان بکەن و لێپرسینەوەی هەڵەو کەموکورتی و کەمتەرخەمیەکانیان بکەن. لەمبارەیەوە هەندێ لە زانایانی پێشین فەرمویانە (خف الله على قدر قدرته عليك، واستح منه على قدر قربه منك) .

بەواتای لە خوا بترسە بە پێی توانای خوای گەورە بەسەرتەوە، لە خوا شەرم کە بە ئەندازەی نزیکی خوا لێتەوە. هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی {أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ} العلق: ١٤. بە واتای: ئایا نەیزانیوە کە خوا دەیبینێت و ئاگای (لەگوفتار و کرداریەتی).

هەروەها فەرمویەتی {إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا} النساء: ١. بەواتای: خوای گەورە چاودێرە بەسەرتانەوە.

جورئەت و بوێری بەندەکان لەسەر گوناهو تاوان و بەسوك تەماشا کردنی فەرمان و رێگرییە شەرعیەکان بەڵگەیە لەسەر رێز نەگرتنی پەروەردگارو بەگەورە نەگرتنی. بوشری کوڕی حارسی حافی فەرمویەتی (لو تفكر الناس في عظمة الله تعالى لما عصوه) بەواتای گەر خەڵکی بیریان کردایەتەوە لە گەورەیی خوای گەورە هەرگیز لێی یاخی نەدەبوون.

شەرم کردن لە خوای گەورە واتە پابەندبوون بە فەرمانەکان و دوور کەوتنەوە لەو کارو گوفتارانەی خوای گەورە نەهی لێکردووە بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری ئازیز(صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (استحيوا من الله حق الحياء .قال : قلنا : يا نبي الله ! إنا لنستحيي والحمد لله . قال : ليس ذلك ، ولكن الاستحياء من الله حق الحياء ؛ أن تحفظ الرأس وما وعى ، وتحفظ البطن وما حوى ، ولتذكر الموت والبلى ، ومن أراد الآخرة ترك زينة الدنيا، فمن فعل ذلك فقد استحي من الله حق الحياء).

مانای (استحيوا من الله حق الحياء) یانی لە خوا شەرم بکەن بە ئەندازەی وزەو تواناتان، هەروەك زانراوە مرۆڤ ناتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی هەموو کارەکانی سەرشانی بە شێوەیەکی کامڵ و تەواو، بەڵکو هەریەکە بە پێی وزەو توانای خۆی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی {فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ} التغابن: ١٦. بەواتای هەتا دەتوانن بەتەقواو خواناس بن، گوێڕایەڵ و فەرمان بەردار بن، خێر و چاکە بکەن، ئەوانە هەمووی بۆ خۆتان

چاكە، جا ئەوەی خۆی بپارێزێت لە ڕەزیلی و ڕژدی و نەفسی خۆی، ئا ئەوانە هەر خۆیان سەرفرازن.

(قال : قلنا : يا نبي الله ! إنا لنستحيي والحمد لله) بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە لە بەرئەوەی مەبەستیان ئەوە بوو كە ئەوان كاری چاك دەكەن و خۆدەپارێزن لە كاری خراپ بە پێی توانایان، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) وەڵامی دانەوە كە ئەمەبە تەنها مەبەست و داواكراو نیە، لە بەرئەوەی چەند مەرجێك هەیە بۆ بوونی شەرم بە مانا فراوان و تەواوەكەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ - (أن تحفظ الرأس وما وعى) واتە پاراستنی سەرو پاراستنی ژیری و چاوو گوێ و زمان. هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی {وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا} الإسراء:٣٦. بەواتای لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەكەوە كەزانست و زانیاریت دەربارەی نیە، چونكە بەراستی دەزگاكانی بیستن و بینین و تێگەیشتن، هەر هەمووی بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە.

٢ - (وتحفظ البطن وما حوى) بەواتای پاراستنی سك و ئەوانەی پێوەی بەندن وەك پاراستنی داوێن لە حەرام هەروەها پاراستنی سك لەخواردنی حەرام، یان خواردنێك بە ماڵی حەرام كڕابێت. لەبەرئەوەی لاشە گەشە دەكاو بەهێز دەبێت بە هۆی خواردنەوە، خوای گەورە لە بەندەكانی قبوڵ ناكا خواردن و خواردنەوەی حەرام بخۆن لاشەیان پێی گەشە بكات، لەبەرئەوەی خوای گەورە خاوێنەو بەس خاوێن قبوڵ دەكات.

٣ - (ولتذكر الموت والبلى) واتە بەردەوام یادی مردن بكەن لەبەرئەوەی مرۆڤ لە دونیادا نەمر نیەو دەمرێت و

رادەگیرێت لە بەردەستی خوای گەورە دا هەروەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی (فاكثروا من ذكر هادم اللذات الموت) .

٤ - (ومن أراد الآخرة ترك زينة الدنيا) ئەمەش واتای زوهدو بەکەم گرتنی دونیا دەگرێت و وازهێنانە لەو شتانەی کە لە رۆژی دواییدا سودی نیە هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: {تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ} القصص: ٨٣. بەواتای ئەو ماڵی قیامەتەو ئەو بەهەشتە بەرینەمان ئامادە کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە نەلوت بەرزی و گەورەییان دەوێت لە زەویدا، نە فەسادو گوناهو خراپە، سەرەنجام و سەرفرازیش هەر بۆ پارێزکاران وخواناسەکانە .

چەند نمونەیەك سەبارەت بە شەرم کردن لە خوای گەورە:

١ - شەرم لەوەی خوای گەورە بە شێوەیەکی ناشایستە بتبینێت وەك رووتی وەك لەم فەرمودەیەدا هاتووە عن بهز بن حكيم عن ابيه عن جده: قال قلت يا نبي الله عوراتنا ما نأتي منها وما نذر. قال:( احفظ عورتك إلا من زوجتك أو ما ملكت يمينك قلت يا رسول الله إذا كان القوم بعضهم في بعض قال إن استطعت أن لا يراها أحد فلا يراها قال قلت يا نبي الله إذا كان أحدنا خاليا قال فالله أحق أن يستحيي منه الناس) رواه الترمذي باسناد حسن.

واتا: وتم ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) داوێنمان چی پێبکەین و لە چی بیپارێزین. فەرمووی داوێنت بپارێزە جگە لە خێزانت و کەنیزەکانت... وتم ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه

وسلم ) ، گەر هاتوو کەسێکمان بەتەنها بوو؟ فەرمووی خوای گەورە لە پێشترە کە خەڵکی شەرمی لێبکات .

٢-هەروەها ئەبوبەکری صدیق( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرمویەتی: (یا معشر المسلمین استحیوا من الله. فوالذی نفسی بیده انی لاظل حین اذهب الی الغائط فی الفضاء مغطی راسی، استحیاء من ربی) .

بەواتای ئەی کۆمەڵی مسوڵمانان شەرم لە خوا بکەن، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە کاتێك لەدەشت و دەردا دەچمە سەرئاو سەرم دادەپۆشم لە بەر شەرم کردنم لە پەروەردگار .

٣-هەروەها عوسمانی کوڕی عەفان(خوای لێ ڕازی بێت) لە بەر شەرم کردنی لە خوای گەورە، لە ماڵەکەی خۆی داو بەدەرگا داخراوی، کاتێك ئاوی بەخۆیدا دەکرد، جلەکانی دانەدەکەند.

## دووەم / شەرم کردن لە فریشتەکان:

وەك زانراوە خوای گەورە فریشتەکانی داناوە بۆ چاودێریمان، بەشەو و بە رۆژ بەدومانەوەن. هەندێك لە فریشتەکان هاوەڵی پرواداران ئەکەن لە کاتی خواپەرستیدا وەك دەرچون بەمەبەستی زانست یان ئەوانەی لە کۆڕی زیکر و یادی خوادا کۆدەبنەوە، یان ئەوانەی سەردانی نەخۆش دەکەن... هتد، هەروەها فریشتە هەیە لێمان جودا نابنەوە، کاریان تۆمارکردنی کارو کردەوەکانمانە وەك خوای گەورە فەرمویەتی: {وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ ۝١٠ كِرَامًا كَاتِبِينَ} الانفطار:١٠-١١. بەواتای بێگومان ئێوە چاودێر تان لەسەر دانراوە لە فریشتە بەڕێزە تۆمارکارەکان.

پێویستە مسوڵمان شەرم لە فریشتە بەڕێزەکان بکات لە بەرئەوەی شەرم کردن لە فریشتە بەڕێزەکان لە سیفاتی رێزدارانە ئەمەش بەدور کەوتنەوە دەبێت لەگوناهو تاوان و کاروکردەوەی ناڕەواو نابەجێ. پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (إياكم والتعري ؛ فإن معكم من لا يفارقكم إلا عند الغائط ، وحين يفضي الرجل إلى أهله ، فاستحيوهم وأكرموهم) الراوي :عبدالله بن عمر المحدث :الألباني -المصدر :تخريج مشكاة المصابيح - الصفحة أو الرقم: 3051 ، خلاصة حكم المحدث :إسناده غريب.

بەواتای خۆتان بپارێزن لە روتی کەسانێکتان – فریشتەکان - لەگەڵدایە لێتان جیانابنەوە مەگەر لەکاتی چونە سەرئاو، یان ئەو کاتەی پیاو دەچێتە لای خێزانەکەی، شەرمیان لێبکەن و رێزیان لێبگرن.

**سێ یەم: شەرم کردن لە خەڵکی:**

گەر هاتوو بەندەکان شەرمیان کرد لەخوای گەورەو لە خودو دەروونی خۆشیان، ئەمە لە خوو رەوشت و هەڵسوکەوت و ئاکارو رەفتاری رۆژانە و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کەسانی تردا رەنگ دەداتەوە، لە خراپە کردن بەرامبەر بە خەڵکی دوور دەکەونەوە، هەروەك چۆن لە خراپە بەرامبەر بە خوای گەورە دوور دەکەونەوە. لە راستگۆیی کردن لەگەڵ خوای گەورەو دەرونی خۆیان و خەڵکانی تر نزیك دەبنەوە.

ئەم جۆرە شەرمە بەدەست دێت بە دانیشتن و هاورێتی و تێکەڵاوی ئەو کەسانەی خاوەن شەرمن و شەرمیان لێدەکرێت، دەکرێت بڵێین گەر هاوەڵی پیاوچاکان هیچ بەرهەمێکی نەبێت، ئەوەی لێ دێتە دی کە لە ئەنجامدانی کاری خراپەو تاوان دوورت دەخاتەوە. شەرم کردن لە خەڵکی بنەماو بنەڕەتی رەوشتەکانەو سەرچاوەی فەزیلەت و چاکەیە، لە میانەیەوە گوتەی چاك و کردەوەی باش و پاکیزەیی دێتە دی. ئەم جۆرە شەرمەش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١ - ئەم بەشەیان خاوەنەکەی شەرم لە خەڵکی دەکات بڕیاری داوە خراپەو تاوان نەکات، یەکەم لە ترسی خوای گەورە و ئینجا خۆپاراستن لە لۆمەو گلەیی و گازندەی خەڵکی. ئەمجۆرە کەسانە پاداشتی تەواو وەردەگرن لەبەر ئەوەی شەرم کردنەکەیان لەهەموو رویەکەوە تەواوە، چونکە خۆیان پاراستوە لە خراپەو تاوانێك کە ئاین و شەریعەت پێی رازی نیەو لای خەڵکیش مایەی گلەیی و گازندەیە ، ئەمجۆرە شەرم کردنە چاکترو تەواوترەو بە باشترین جۆرەکانی شەرم کردن دادەنرێت.

٢ - ئەم بەشەیان واز لە خراپەو کاری ناشیرین و ناڕەوا دێنن لەبەر شەرم کردن لە خەڵکی، وەئەگەر خەڵکێك نەبوو ئەوا شەرم ناکەن لە ئەنجامدانی، ئەو جۆرە کەسانە شەرمیان هەیە بەڵام شەرمەکەیان لاوازەو کەموکورتی تێدایەو پێویستی بە چارەسەرو یاد خستنەوەیە بە گەورەیی و توانای خوای گەورە، وەخوای گەورە شایستە ترە کە شەرمی لێبکرێت. لە روانگەی ئەمەوە ناکرێت بەندەکان شەرم لە خەڵکی بکەن کە ناتوانن سود یان زیانیان پێ بگەیەنن نە لە دونیاو نە لە رۆژی دواییدا، بەڵام شەرم لە

خوای گەورە و چاودێر بەسەریانەوە نەكەن كە خاوەنی هەموو چاكەو نازو نیعمەتێكە بەسەر مرۆڤەكانەوە.

لە جۆرەكانی شەرم كردن لە خەڵكی:

ا- شەرم كردن لە پێغەمبەری ئازیز (صلى الله علیه وسلم ) كە پێشەنگ و رابەرمانە.

ب_- شەرمكردن لە دایك و باوك. هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًاۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾الإسراء: ٢٣. بە واتای پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە كە جگە لەو كەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریشی داوە چاكەكاریش بن لەگەڵ دایك و باوكتاندا، هەركاتێك یەكێكیان یان هەردوكیان بەپیری كەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لەدەست مەكەو (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەكە. بەردەوامیش قسەو گفتوگۆت لەگەڵیاندا چاك و جوان و بەجێ بێت.

هەروەها عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: أتى رسول الله صلى الله عليه وسلم رجل ومعه شيخ فقال له يا فلان من هذا معك قال أبي قال فلا تمش أمامه ولا تجلس قبله ولا تدعه باسمه ولا تستسب له) الراوي :عائشة المحدث :الهيثمي -المصدر : مجمع الزوائد - الصفحة أو الرقم:8/140 ، خلاصة حكم المحدث : [فيه علي بن سعيد بن بشير وهو لين وقد نقل ابن دقيق العيد أنه وثق ومحمد بن عروة بن البرند لم أعرفه وبقية رجاله رجال الصحيح].

بەواتای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) پیاوێکی بینی گەنجێکی لەگەڵدا بوو، بەگەنجەکەی وت ئەمە کێیە ؟ وتی باوکمە : فەرمووی لە پێشیەوە مەڕۆ، مەبە مایەی جنێو پێدانی، لە پێش ئەوەوە دامەنیشە، بەناوی خۆیەوە بانگی مەکە .

٣ - شەرم کردن لە زانایان و کەسانی خاوەن فەزڵ: زانایانی پێشین خاوەنی پشکێکی گەورە بوون لە شەرم و پایەیەکی گەورەیان هەبوو لە رابەرایەتی مسوڵماندا، لە بەرئەوەی دەرچووی قوتابخانەی شەرم و ئاپرو بوون، پێویستە ئێمە ی موسڵمانیش شوێنکەوتەی هەمان رێچکەو رێباز بین.

**چوارەم: شەرم لە خۆکردن:**

ئەم جۆرە شەرمە شەرمی دەرونە بەرێزو دامەزراوەکانە، کە رازی نابێت بە کەموکورتی و ناتەواوی بۆ خودو دەرونی خۆی، (فیساگۆرس) لەم بارەیەوە دەڵێت : وریابە لەوەی کارێکی قێزەون و ناشیرین ئەنجام بدەیت جا خۆت بەتها بیت یان لەگەڵ کەسانی تردا، با شەرم لە خۆکردنەکەت زیاتر بێت لە شەرم کردن لە هەموو کەسانی تر.

مرۆڤ خاوەنی ناوبانگێکی بەڕێزو درەوشاوەیە لە ماڵ و لە بازاڕ و لە کۆڕەکاندا، هیچ کات ئەوەی لە نێوان خۆی و کەسەکانی و، رابردووی خراپی لە گوناهو تاوان لەناو خەڵکیدا باسی لێوە ناکات، بەڵکو سورە لەسەر خاوێنکردنەوەی دەرونی و خۆدەرخستنی وەك چاکە خوازێك لە هەموو شوێنێکدا. ئەم جۆرە شەرمە بە پاکیزەیی و خۆپاراستن لە تاکبونەوە لەگەڵ نامەحرەم و رەوشت بەرزی دێتە دی. بەندەی ئیماندار دەگات بەوەی دەرونی شەرم لە دەرونی خۆی

بكات، وەك ئەوەی دوو دەرونی هەبێت و یەکەمیان شەرم لەوی تریان بکات، ئەمەش جۆرێکی کامڵ و تەواوەمەندی شەرم کردنە، هەرکات بەندەکان شەرمیان لە خۆیان کرد، ئەوکات شیاوتر و خوازراوترە شەرم لە کەسانی تر بکەن.

ئیمامی ماوەردی فەرمویەتی (قال بعض الحکماء: من عمل فی السر عملا یستحی منه فی العلانیه فلیس لنفسه عنده قدر). بەواتای هەندێك لە دانایان وتویانە هەرکەسێك کاتێك کارێك بکات بە پەنهانی و شەرم بکات بە ئاشکرا ئەو کارە بکات ئەوا رێزی بۆ دەرون و خودی خۆی دانەناوە.

هەندێك لەزانایانی پێشین ئامۆژگاری نەوەکانیان کردوەو پێیان وتوون: گەر نەفس و دەروونتان هانی دان و داوای ئەنجامدانی گوناهی گەورەی لێکردن، ئەوا سەر بەرز بکەنەوەو چاو بگێڕن بۆ ئاسمان و شەرم بکەن لەو زاتەی لە ئاسماندایە. گەر وات نەکرد چاو بگێڕە بە زەویداو شەرم لەو کەسانە بکە کە لەسەر زەویدان. گەر لەوانە بوویت کە ترسی ئەوخوایەت لەدڵدا نەبوو کە لە ئاسمانە و شەرمت لەو کەسانە نەکرد کە لەسەر زەویدان، ئەوا خۆت لەریزی ئاژەڵاندا بژمێرە.

لە راستیدا جۆرە دەرونێك هەن کە فەرمان بە خاوەنەکانیان دەکەن بە گوناهو تاوان هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە {وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ}یوسف: ٥٣. منیش نەفسی خۆم بەری ناکەم، چونکە بەراستی نەفس (ئەگەر بەنوری خواناسی ئاوەدان نەبێت) زۆر فەرماندەرە بە گوناهو هەڵەو تاوان، مەگەر نەفسێك کە پەروەردگارم میهرەبانی پێ کردبێت، بەراستی پەروەردگارم لێخۆشبوو و میهرەبانە.

ئەمەو جۆرە دەرونێکیش هەن کە فەرمان بە خێرو چاکە دەکەن و نەهی لە خراپە دەکەن ئەمەش دەرونە دڵنیاکانن، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی {ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ۝٢٨ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ۝٢٩ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي}الفجر:٢٨-٣٠. بەواتای: بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت، کە تۆ لەو رازیت و ئەویش لەتۆ رازییە. دە بچۆرەوە ریزی بەندە چاکە نازدار و بەڕێزەکانەوە. دە بچۆرە بەهەشتە خۆشە رازاوەکەمەوە.

جا پێویستە لە سەر مرۆڤ کۆششی دەرونی خۆی بکات، نەهێڵێت بیر لە حەرام بکاتەوە، یان حەرام ئەنجام بدات، تا بچێتە ریزی ئەوانەی خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرمویەتی {وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ} العنکبوت: ٦٩. ئەوانەی لەپێناوی ئێمەدا بۆ بەدەست هێنانی رەزامەندی ئێمە، هەوڵ و کۆششیان کردووەو خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بەخوا بەراستی ئەوانە رێنموویی دەکەین بۆ هەموو رێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان. (کە بەدەستهێنانی رەزامەندی ئێمەی لەدوایە) بێگومان خوای پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاکەکارانە.

## بەشی سێیەم: جۆرەکانی شەرم

ئیمامی _ ابن القیم _ رەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (مدارج السالکین) شەرمی دابەش کردووە بە دە جۆرەوە بەم شێوازەی خوارەوە:

١ - شەرمی تاوان:

وەك شـەرمی حەرزەتی ئادەم (عليه السلام) كاتێك لە بەهەشت هەڵهات، خوای گەورە پێی فەرموو: ئەی ئادەم لەمن هەڵدێی؟ فەرمووی: بەڵكو لەبەر شـەرم كردنم لەتۆ، ئەی پەروەردگارم، هەڵدێم لەو كارەی كەكردم.

٢ - شـەرمی كەمتەرخەمی:

وەك شـەرمی فریشـتەكان، وەك لە قورئاندا هاتوە {لَاهِيَةً قُلُوبُهُمۡۗ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ هَلۡ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡۖ أَفَتَأۡتُونَ ٱلسِّحۡرَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ} الانبياء ٣:.

بەواتای دڵەكانیان بێ ئاگاو سـەرگەردانە، ئەوانەش كە ستەمیان كرد، قسـەكانیان شاردەوە (بەنهێنی دەیان وت) ئایە ئەمە تەنها بەشـەرێك نییە وەك ئێوە؟! ئایا ئێوە بەدەم جادوگەریەوە دەچن ؟! لە كاتێكدا ئێوە چاوتان هەیەو دەبینن. ئەمەو فریشـتەكان لە رۆژی دواییدا دەڵێن (سبحانك ما عبدناك حق عبادتك) بە واتای پاك و بێگەردی بۆ تۆ پەروەردگار بەندایەتی و عیبادەتی تۆمان نەكرد بەتەواوی.

٣ - شـەرمی گەورەیی و شكۆیی

ئەم جۆرە شـەرمە رەنگدانەوەی ناسینی خوای گەورەیە، ئەمەو بەپێی ئاستی ناسینی بەندەكان بۆ پەروەردگار، دەرك كردن و بینینی نازو نیعمەتەكانی خوای گەورە، ئاستی شـەرم كردنەكە لەبەندەكاندا بەرجەستە دەبێت.

٤ - شـەرمی رێزو بەخشندەیی:

وەك شـەرمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسـلم ) لەو کەسـانەی کە بانگهێشـتی کردبوون بۆ وەلیمەی زەینەب، ئەوانیش زۆر دانیشـتن لای، ئەویش هەسـتاو لای شـەرم بوو پێیان بڵێ بڵاوەی لێبکەن و ڕۆن.

٥ - شـەرمی حیشـمەت:

وەك شـەرمی ئیمامی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) وەك لەم فەرمودەدا هاتووە (كنت رجلا مذاء وكنت أستحيي أن أسأل النبي صلى الله عليه وسلم . لمكان ابنته . فأمرت المقداد بن الأسود . فسأله فقال " يغسل ذكره . ويتوضأ) رواه مسلم.

بەواتای من پیاوێك بووم لینجاوم زۆر بوو، شـەرمم دەكرد پرسـیار لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسـلم ) بكەم لەبەر پایەی فاتیمەی كچی كە هاوسـەرم بوو، داوام لە میقدادی كوڕی ئەسـوەد كرد (خوای لێ ڕازی بێت ) پرسـیاری لێكرد ئەویش فەرمووی زەكەری بشـواو دەسـت نوێژ بگرێت .

٦ - شـەرمی بەكەم زانینی دەرون:

وەك شـەرمی بەندەكان بەرامبەر بە خوای گەورە لە كاتێكدا داوای پێویسـتیەكانیان دەكەن، ئەم جۆرە شـەرم كردنە دوو هۆكاری هەیە، یەكەمیان پرسـیار كەر، رقی لەدەرونی خۆیەتی و گوناهو تاوانەكانی بەگەورە دەزانێت و دووەمیان گەورەیی ئەو كەسـەیە بەلایەوە كە داوای لێدەكات كە خوای گەورەیە. لە ئەسـەری بەنی ئیسـرائیلیدا هاتووە (ان موسـى عليه السـلام قال: يارب انه لتعرض لي الحاجة من الدنيا، فاسـتحيي ان اسالك هي يا رب، فقال الله تعالى: سـلني حتى ملح عجينتك، وعلف شـاتك) . بەواتای حەزرەتی موسـا ( علیه السـلام) فەرمویەتی پەروەردگارم پێداویسـتیم دێتە رێ و

شەرم دەکەم داوات لێبکەم، خوای گەورەش پێی فەرموو داوام لێبکە تەنانەت خوێی هەویرەکەت و ئالیکی مەڕو ماڵاتەکەت .

٧ - شەرمی خۆشەویستی:

مرۆڤ هەرکەسێکی خۆشویست ئەوا بە شێوازێك شەرمی لێدەکات و سڵی لێدەکاتەوە، جۆرە ترسێك لە دڵ و دەرونیدا چەکەرە دەکات . لەبەرئەوەی خۆشەویستی دەستەڵاتێکی زاڵی هەیە بەسەر دڵ و دەروونداو، گەورەترە لەدەستەڵاتی ئەو کەسەی زاڵە بەسەر لاشەدا، جیاوازی زۆرە لەنێوان کەسێك دەست بگرێت بەسەر دڵ و گیانداو کەسێك تەنها بەسەر لاشەدا زاڵ بێت.

مرۆڤ هەرکات خۆشەویستی خوای لەدڵدا چەسپا، چەندە خۆشەویستیەکەی زیاتر بوو، ئەوا زیاتر شەرمی لێ دەکات و لەخۆشەویستیا دڵ و دەروونی دەهەژێت و ئەندامەکانی ملکەچ و چاوەکانی فرمێسك دەڕێژن. ئەم جۆرە خۆشەویستیە بۆخوای گەورە خۆشەویستییەکی کردارییەو کاتێك هەستی پێ دەکەین کە لەنێویدا بژین و هەر ئەوکاتەش چێژی لێ وەردەگرین.

پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم ) رابەری شەرم و حەیا سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە فەرمویەتی: (اللهم ! إني أسألك حبك وحب من يحبك ، والعمل الذي يبلغني حبك . اللهم اجعل حبك أحب إلي من نفسي وأهلي ، ومن الماء البارد) رواه أبو داود والترمذي، وقال الترمذي: حسن غريب.

واتە: خوایە داوات لێدەکەم خۆشەویستی خۆتم پێ ببەخشیت، وەخۆشەویستی ئەوانەش کە تۆیان خۆش دەوێت، ئەو کارانەی کە دەمگەیەنێتە خۆشەویستی تۆ، خوایە وابکەیت خۆشەویستی تۆ لە خۆم و کەسوکار و ئاوی سارد، لام خۆشەویستر بێت. وە ئەم

دوعایەی سەرەوە یەکێك بووە لە دوعانی داوود بووە علیە السلام. وە ئیمام ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: فەرمودەیەکی زەعیفە.بەوانە: السلسلة الضعيفة - الصفحة أو الرقم: 1125 .

٨ - شەرمی بەندایەتی کردن:

ئەم جۆرە شەرمە ئاوێتەیەکە لە خۆشەویستی و ترسان و ناشایستەیی عیبادەتەکانی بۆ پەروەردگاری و هەست کردن بەوەی رێز و گەورەیی پەروەردگاری گەورەتر و بەشکۆترە لەو بەندایەتیەی ئەنجامی دەدات، بۆیە بەندایەتی کردنەکەی پێویستی بەشەرم کردنە لە خوای گەورە. لەم بارەدا ئەو کەسە دەگاتە بەرزترین پایەی دینداری کە پایەی ئیحسانە، بەندە بەردەوام هەست بەوە دەکات خوای گەورە هەموو جوڵەو سەکەناتێکی دەبینێت، بۆیە خۆی بە تاعەت و خواپەرستی دەڕازێنێتەوە، ئەم جۆرە شەرم کردنە خاوەنەکەی بەردەوام هەست دەکات کەمتەرخەمە، لە بەرئەوەی دەزانێت پەروەردگاری لەوە گەورەتر و شکۆدارترە.

٩ - شەرمی پایەبەرزی و شکۆیی:

شەرمی دەرونە شکۆو گەورەکانە گەر کارێکی چاکو باشیان کرد، بەڵام لە ئاست قەدەرو ئەندازەو بەخششی خۆیاندا نەبوو هەست بەشەرم دەکەن، ئەمەش بەشەرمی شکۆو پایەبەرزی دێتە ئەژماردن .

١٠-شەرم لە خۆکردن:

ئەمەش شەرمی دەرونە بەرز و باڵاکانە کە شەرم لە خودی خۆی دەکات وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

**بەشی چوارەم: چەند وێنەیەك لە شەرم**

لە کتێب و سەرچاوەکاندا چەندین نمونەی شکۆ و زیندومان هەن سەبارەت بە بابەتی شەرم لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا دەکەین لە میانەی چەند بڕگەیەکدا:

یەکەم / شەرمی پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام).

١-شەرمی پێغەمبەری ئازیزمان محمد (صلی الله علیه وسلم ).

شەرم کردن سیمایەکی دیارو بەرجەستەی پێغەمبەر بووە (صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەمە چەندین بەڵگەمان لە سونەت و سیرەتدا هەیە، لێرەدا ئاماژە بە فەرمودەیەك دەکەین کە ئەبی سەعیدی خودری (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە : (کان النبي صلی الله علیه وسلم أشد حیاء من العذراء في خدرها، فإذا رأی شیئا یکرهه عرفناه في وجهه).

٢-شەرمی موسا (علیه السلام )

حەزرەتی موسا بەشەرم و خۆپارێزی دەناسرێتەوە و ناوبراو هەموو لاشەی دادەپۆشی شەرمی دەکرد هیچ ئەندامێکی لاشەی بەدەر کەوێت تەنانەت ئەو ئەندامەنەشی کە عەورەت نین، بەم هۆیەوە هەندێك لە بەنی ئیسرائیل ئازاریان دەدا و دەیان وت ئەم زیادە خۆداپۆشینەی وا دەگەیەنێت کە عەیبەیەك لە لاشەیدا هەبێت یان توشی قۆری بوبێت، لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی: (إن موسی کان رجلا حییا ستیرا ، لا یری من جلده شيء استحیاء منه ، فآذاه من بني إسرائیل ، فقالوا

: ما يستتر هذا التستر ، إلا من عيب بجلده : إما برص وإما أدرة ، وإما آفة ، وإن الله أراد أن يبرئه مما قالوا لموسى ، فخلا يوما وحده ، فوضع ثيابه على الحجر ، ثم اغتسل ، فلما فرغ أقبل إلى ثيابه ليأخذها ، وإن الحجر عدا بثوبه ، فأخذ موسى عصاه وطلب الحجر ، فجعل يقول : ثوبي حجر ، ثوبي حجر ، حتى انتهى إلى ملأ من بني إسرائيل ، فرأوه عريانا أحسن ما خلق الله ، وأبرأه مما يقولون ، وقام الحجر ، فأخذ ثوبه فلبسه ، وطفق بالحجر ضربا بعصاه ، فوالله إن بالحجر لندبا من أثر ضربه ، ثلاثا أو أربعا أو خمسا، فذلك قوله:{يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا} الاحزاب: ٦٩. رواه البخاري.

بەپوختی: موسا پیاوێکی شەرمن و داپۆشراو بوو، کەس هیچ شوێنێکی لاشەی نەدەبینی، هەندێ لە بەنی ئیسرائیل ئازاریان دەدا و دەیان وت: ئەم خۆداپۆشینەی بە هۆی عەیبێکەوەیە لە پێستەکەی، یان ئاوڵەیەتی، یان قۆڕە، یان هەر ئافەتێکی تریەتی. خوای گەورە ویستی موسا لەو وتانە بەری کات. رۆژێکیان کراسەکەی لەسەر بەردێك داناو بەتەنها خۆی شۆری، کە تەواو بوو چوو کراسەکەی بهێنێ و لەبەری بکات، بەردەکە رۆشت و کراسەکەی برد، موساش گۆچانەکەی هەڵگرت و داوای لە بەردەکە کرد و دەیوت: بەردەکە کراسەکەم، بەردەکە کراسەکەم، تا گەشتە جێگایەك خەڵکانێکی بەنی ئیسرائیل بەرووتی بینیان و بێخەوشی لەش و لاریی موسایان بۆدەرکەوت و پڕوپاگەندەکانیان پوچەڵ بۆوە. بەردەکە وەستاو ئەویش کراسەکەی لەبەر کرد و بەگۆچانەکەشی بەبەردەکەیدا کێشا. لەم بارەیەوە ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێت: باوەڕداران وەك ئەوانە مەبن کە ئازاری موسایان دەدا، هەتا خوا خاوێنی کرد لەو تۆمەتانەی ئەوان دەیانوت، چونکە موسا لای خوا خاوەن رێز و پلەو پایەیە.

شەرمی حەزرەتی موسا (علیه السلام) دەرئەنجامی ورە بەرزی تەواوو حەز و ئارەزووە باڵاکانی بوو، بە ئاراستەیەك كە داپۆشینی لاشەی پێ تەواو ترو دروست تر بوو لە دەرخستنی، بۆیە شەرمی دەكرد ئەندامەكانی لاشەی بۆ خەڵكی بەدەربخات.

دووەم / شەرم لە ژیانی هاوەڵاندا (خوایان لێ ڕازی بێت):

١-شەرمی دایكی ئیمانداران عائیشەی كچی ئەبوبەكری صدیق (خوایان لێ ڕازی بێت):

عائیشە خوای لێ ڕازی بێت فەرمویەتی: (كنت أدخل بيتي الذي فيه رسول الله صلى الله عليه وسلم وأبي فأضع ثوبي وأقول إنما هو زوجي وأبي فلما دفن عمر معهم فوالله ما دخلته إلا وأنا مشدودة علي ثيابي حياء من عمر رضي الله عنه) الراوي :عائشة المحدث :الهيثمي -المصدر :مجمع الزوائد - الصفحة أو الرقم: 9/40، خلاصة حكم المحدث :رجاله رجال الصحيح.

بەواتای من دەچومە ماڵەكەمەوە كە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) و باوكمی تێدا نێژرابوو، كراسەكم دادەناو دەموت ئەمە باوكم و مێردەكەمە، دوای ئەوەی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) تێیدا نێژرا، سوێند بە خوا نەچومەتە ژوورەوە بە داپۆشراوی نەبێت لە بەر شەرم كردنم لە عومەر( خوای لێ ڕازی بێت).

٢-شەرمی ئەبو موسای ئەشعەری (خوای لێ ڕازی بێت):

لەم بارەیەوە وتویەتی (انی الادخل البيت المظلم اغتسل فيه من الجنابه فاحنى فيه ظهرى اذا اخذت ثوبى حياء من ربى).

بەواتای کە دەچمە ژوری تاریکەوە بۆ ئەوەی خۆم بشۆم و لەش گرانی لەسەر خۆم لابەرم پشتم دەچەمێنمەوە بۆ هەڵگرتنی کراسەکەم لەبەر شەرم کردنم لە پەروەردگار.

## بەشی پێنجەم: دیاردەکانی شەرم:

دیاردەکانی شەرم لە دوو سەرەباسدا دەخەینە روو:

باسی یەکەم: لەدیاردەکانی شەرم کردن:

١- مسوڵمان دەبێت زمانی خاوێن کاتەوە لە بەکارهێنانی وشەی خراپ و ناشیرین و قێزەون، وەك کە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) کرد: (أي المسلمين خير؟ قال: المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده)رواه البخاري. واتە: کام موسڵمانە چاکە؟ فەرمووی: ئەوەی کە موسڵمانان لە دەست و زمانی پارێزراو بن. شەرم پێویست و خوازراوە لە هەموو ئەوشتانەی لە مرۆڤەوە گوزارشتی لێدەکرێت لە وتارو لەکردار، شەرم لە وتندا ئەوەیە، مرۆڤ زمانی خاوێن کاتەوە لە وشەی نابەجێ و ناشەرعی، شەرم دایگرێ و تەریق بێتەوە لە باسکردنی عەورات، لە رەوشت و هەڵسوکەوتی خراپ، مایەی بێ شەرمییە مرۆڤ وشەی بێزراو و خراپ بەکاربێنێت و حیساب نەکات بۆ ئەو کاردانەوەی روبەروی دەبێتەوە، یان روبەروی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە گوێبیستی وتە ناشیرینەکانی ئەون.

٢-مەبەستی هەبێت لە وتەکانیدا، لە نێو کۆڕو شوێنە گشتیەکاندا قسە لەو شتانەدا نەکات کە پەیوەندی پێوە نیە، یان بێسوودە، تەنها خێر و چاکە بڵێ یان بێدەنگ بێت.

٣-پێویسته مرۆڤ خۆی بپارێزێت له هەموو ئەو شتانەی که دەبێته مایەیی زیان و گومان و پروپاگەندەی خراپ بۆی. شەرم ئەوەیه مرۆڤ سوربێت لەسەر پاراستنی ناوبانگی خۆی، شتێك نەڵێت یان نەیکات که کەسایەتی لەکەدار دەکات و توشی سوکایەتی و گاڵته پێکردن و رق لێبونەوه بێت، له بەرژەوەندی مرۆڤدایه بەردەوام ناوبانگی خاوێن و بێگەرد بێت، دوور بێت له پروپاگەندەی خراپ و قسەو قسەلۆکه. (اصمعی) دەڵێت گوێم لێبوو عەرەبێکی دەشتەکی دەیووت (من كساه الحياء ثوبه لم ير الناس عيبه).

بەواتای هەر کەس کراسی شەرمی پۆشی هیچ کەسێك کەموکورتیەکانی نابینێت.

٤-ئافرەتی مسوڵمان کەرامەت و حیشمەتی خۆی بپارێزێت و هەست به چاودێری خوای گەورە بکات بەسەریەوە، مافی مێردەکەی بپارێزێ و دوور کەوێتەوه له رێچکەی گومان و شوێنی خراپ و ناشایسته.

٥-رێزی خاوەن مافەکان و پلەو پایەیان بگرێت و رێز له کەسانی گەورەو زاناو دانا بگرێت: وەك حاڵەتی شەرمی عبدالله ی کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت ) که رۆژێکیان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پرسیاری له هاوەڵەکان کرد و فەرمووی: (إن من الشجر شجرة لا يسقط ورقها . وإنها مثل المسلم . فحدثوني ما هي ؟ فوقع الناس في شجر البوادي . قال عبدالله : ووقع في نفسي أنها النخلة .فاستحييت . ثم قالوا : حدثنا ما هي ؟ يا رسول الله ! قال فقال : هي النخلة .قال فذكرت ذلك لعمر . قال : لأن تكون قلت : هي النخلة ، أحب إلي من كذا وكذا) رواه مسلم.

بەواتای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی لە نێو دارەکاندا دارێك هەیە گەڵاکانی ناوەرێت، ئەم دارە وەك مسوڵمان وایە، ئایا پێم ناڵێن ئەو دارە کامەیە ؟ خەڵکی وای بۆ دەچوون کە داری نێو دەشت و دەرو بیابان بێت. بەڵام لە دڵی خۆمدا وتم داری خورمایە، عبدالله وتی: بەڵام شەرمم کرد بیڵێم، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) پێمان بڵێ ئەویش فەرمووی :داری خورمایە، دوایی بەباوکم وت ئەوەی لە دڵما بوو، ئەویش پێی وتم گەر بت گوتایە لام خۆشتر بوو لەوەی بڵێی واو وام بەدڵدا هات .

٦-مسوڵمان دەبێت شەرم بکات لە خەڵکی و داوێنی خۆی بەدەرنەخات ، کەمتەرخەم نەبێت لە مافەکانیان نکۆڵی لە چاکەکانیان نەکات. چونکە کەمتەرخەمی لەمافەکانی خەڵك و نکۆڵی لە چاکەکانیان نیشانەی بێ شەرمییە.

٧-رێگری کردن لە خراپەو بێدەنگ نەبوون لێی، قبوڵ کردنی حەق و راستی لە هەرکەسێکەوە بێت، با نەیارو دوژمنیش بێت. لە مێژووی ئیسلامدا چەندین نمونەی زیندوو هەن کە گەواهی ئەم راستیەن و شەرم کردن نەبوەتە بەربەست لە وتنی حەق و رونکردنەوەی راستیەکانی ئیسلام، لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەیەکی زیندوو دەدەین:

ا- قورەیش کاتێك ئافرەتێکی مەخزومی دزی کردبوو مەبەستیان بوو بە شێوەیەك سزای لە سەر لابدەن و داوا لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بکەن، بۆ ئەم مەبەستە ئوسامەیان راسپارد چونکە کەسێکی خۆشەویست بوو لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) ، ئوسامەش بە پێغەمبەری خوای وت، بەڵام پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بە تورەییەوە بە ئوسامەی ووت (أتشفع

في حد من حدود الله) رواه البخاري. ئايا شەفاعەت دەکەی بۆ سنورێك لە سنورەکانی خوای گەورە. ئینجا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) هەستاو فەرمووی: (إنما أهلك الذين قبلكم، أنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه، وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد ، وايم الله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها) رواه البخاري.

بەواتای ئەوانەی پێش ئێوە لەناو چوون، چونکە کاتێك کەسێکی خاوەن پایەو دەسەڵات دزی بکردایە سزایان نەدەدا، بەڵام گەر کەسێکی لاواز و بێدەسەڵات دزی بکردایە ئەوا سزایان بەسەردا دەسەپاند، سوێند بەخوا گەر فاتیمەی کچی محمد (صلى الله عليه وسلم ) دزی بکات دەستی دەبڕم .

ب-شەرم کردن ڕێگر نەبوو لەوەی (ئوم سەلیم ) خوای لێ ڕازی بێت بێت بۆ لای پێغەمبەرو بڵێت: (يا رسول الله ، إن الله لا يستحيي من الحق ، فهل على المرأة الغسل إذا احتلمت ؟ قال : ( نعم ، إذا رأت الماء . (فضحكت أم سلمة ، فقالت : تحتلم المرأة ؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : ( فبم يشبه الولد )) رواه البخاري.

بەواتای ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) خوای گەورە شەرم لە وتنی حەق ناکات، ئایا ئافرەت گەر (شەیتانی) بوو خۆشۆرینی لەسەرە؟ ئەویش فەرمووی: گەر ئاوی بینی؟ ئوم سەلەمە روی داپۆشی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا ئافرەت ئاوی دێتەوە؟! فەرمووی: بەڵێ، ئەی نەوەکانی چۆن بەو دەچن.

هەروەك حەزرەتی عائیشە خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی (نعم النساء نساء الأنصار !لم يكن يمنعهن الحياء أن يتفقهن في الدين) رواه مسلم.

بەواتای چاكترینی ئافرەتان ئافرەتانی ئەنصارن شەرم كردن وایان لێناكەت شارەزا نەبن لە ئاینەكەیان.

ج-ئیمامی عومەر خوای لێ ڕازی بێت لەوتارێكدا وتی مارەیی ئافرەتان زیاد مەكەن. ئافرەتێك وەڵامی دایەوە و وتی: خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: {وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا} النساء:٢٠. ئیمامی عومەر فەرمووی ئافرەتەكە مەبەستی پێكاو منیش هەڵەم كرد. لێرەدا شەرم كردن ڕێگر نەبوو لەوەی ئەو ئافرەتە بەرگری لە مافی ئافرەتان بكات، هەروەها شەرم كردن ڕێگر نەبوو لەوەی ئیمامی عومەر پۆزش بێنێتەوە بۆ هەڵەكەی.

و- موجاهید فەرمویەتی: (لا يتعلم العلم مستحيى ولا مستكبر) .

بەواتای كەسانی شەرمن و لوت بەرز و خۆبەگەورە زان فێری زانست نابن .

**باسی دووەم: ئەو دیاردانەی پێچەوانەی شەرم و ئابڕون:**

ئەم دیاردانە لەم سەردەم و بارودۆخەدا زۆرو بێئەندازەن، رەوشت و بەهاكان تا رادەیەكی زۆر كاڵ و ئاوەژوو بۆتەوە و چاكە بە خراپە لە قەڵەم دەدرێ و خراپەش بە چاكە لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو دیاردانە دەدەین:

١-کەسانێك هەن ناچنە مزگەوت و نازانن دەرگاکانی مزگەوت لە کوێوەیە، مەگەر خەڵکانێك ببینن و شەرمی لێبکەن، بەڵام شەرم لە خوای گەورە ناکەن.

٢-کەسانێك هەن لە ماڵەکانیاندا سەتەلایتەکانیان لەسەر ئەو کەناڵانەیە کە بەردەوام دیمەنی وروژێنەرو ئارەزوو بازی و بانگەشە بۆ تاوان و داوێن پیسی دەکەن لە ژێر لافیتەی جۆراو جۆردا، خۆی و خێزان و ماڵ و منداڵی تەماشای ئەو کەناڵانە دەکەن، شەرم لەخۆیان و لە خوای گەورە ناکەن.

٣-کەسانێك هەن فلیمی روت و خراپ دەکڕن و لە ماڵەکانیاندا نمایشی دەکەن و خۆیان و خانەوادەکانیان تەماشای دەکەن و ئەم فلیمانەش روخێنەرروو لە ناوبەری رەوشت و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤەو بانگەشەیە بۆ لادان و خراپەو داوێن پیسی.

٤-ئافرەتانێك خۆیان دەچوێنن بە هاوشێوەی پیاوان، هەروەها پیاوانێکیش خۆیان بەهاوشێوەی ئافرەتان دەچوێنن. ئەم کارانەش پێچەوانەی شەریعەت و فیترەتی دروستی مرۆڤایەتی و شەرم و شکۆیی و نەریتی رەسەنن.

٥-ئافرەتانێك بە شێوازێك لە ماڵ دێنە دەرەوە بەرەو بازاڕ و شوێنە گشتیەکان، خۆیان دەڕازێننەوە جلوبەرگێکی نیمچە رووت و تەنك و تەسك لەبەر دەکەن، تێکەڵاوی پیاوانی نامەحرەم دەبن و خۆیان بۆن خۆش دەکەن و نمایشی لەش و لاریان دەکەن.

٦-خواردنی ماڵی مسوڵمانان لە هەتیو و بێوەژن و خزمەت کارو کرێکار، لە کاتێکدا خوای گەورە نیعمەتی ماڵ و سامانی زۆری پێبەخشیوە.

٧-هەندێك لە بازرگان و دوكاندار، كڕیارەكانیان فریو دەدەن و بێشەرمانە درۆ و فێڵیان لێ دەكەن.

٨- كەسانێك قەرزێكی زۆر دەكەن لە خەڵكی و دواتر دوای دەخەن و دەستی دەستی بە خاوەنەكەی دەكەن و لە كاتێكدا توانای دانەوەی قەرزەكەیان هەیە.

٩-كەسانێك هەن لەگەڵ خەڵكی و هاوەڵانیاندا بە رەوشت جوانی مامەڵە دەكەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ دایك و باوك و خێزان و نەوەكانیاندا بە زبری و توندی مامەڵە دەكەن.

١٠-كەسانێك هەن خوای گەورە موڵك و سامانی زۆری پێ بەخشیون بەڵام بەكاری دێنن بۆ ئارەزوو بازی و كاری ناڕەوا بەڵام گەر داوای هاوكاری و كۆمەك و بەخشینیان لێبكرێت لە پێناوی خوادا ئەوا رژد و رەزیل و دەست گوشراون.

١١-وابەستە و ئالودە بوون بە گوێ گرتن لە گۆرانی بەتایبەت ئەو گۆرانیانەی كە وروژێنەرن و بانگەشەن بۆ خراپەو داوێن پیسی و روت و قوتی.

١٢-كەسانێك هەن رۆڵەو نەوەكانیان فەرامۆش كردووە و پەروەردەیان نەكردون، بەڵكو وێڵ و گومڕای نێو شەقام و بازاڕەكان كراون و، خووڕەوشتی جوان و پەسەندیان لە دەست داوەو زیان بە خۆیان و بە خەڵكی دەگەیەنن.

**بەشی شەشەم: میكانیزمی بە دەست هێنانی شەرم و خۆڕازاندنەوە پێی:**

میکانیزمی بەدەست هێنانی رەوشتە چاك و پەسەندەکان زۆرن و لێرەدا ئاماژەیەك بە و خاڵانە دەدەین کە زیاتر پێویستە، بێگومان گۆرینی رەوشت و نەریتێك کە لە دەروندا چەسپاو بێت کارێکی ساناو سادە نییە، بەڵکو قورس و گرانە لەسەر سروشتی مرۆڤ، بەڵام کارێکی نەشیاوو ئەستەم نییە، ئەوەتا هاوەڵەکانی پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم ) ئاین و بیروباوەڕی بنچینەیی نەفامی خۆیان گۆڕی، لە کاتێکدا گۆڕینی ئاین و بیروباوەڕ کارێکی قورس و گرانترە لە گۆڕێنی رەوشت و بەهاکان.

بۆ بەدەست هێنانی رەوشت هۆکارو میکانیزمی واهەن لە میانەیەوە مرۆڤ دەتوانێت رەوشتی جوان و پەسەند بە دەست بێنێت، بەڵام ئەم بەدەست هێنانە پێویستی بە نیەتی پاك و راست و زانستێکی بە سود هەیە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو میکانیزمانە دەدەین کەدەبێتە مایەیی بەدەست هێنانی شەرم و خۆرازاندنەوە بەم رەوشتە بەرز و پیرۆزە، لەچەند خاڵێکدا:

١-نزاو پاڕانەوە: ئەمەش چەکی پڕوادارانەو هانا بۆ پەروەردگاری دەبات تا رزق و ناز و نیعمەتی شەرمی پێ ببەخشێت و رەوشتی خراپی لێ دوربخاتەوە. پێغەمبەری ئازیز(صلی اللّٰه علیه وسلم ) لە نزای دەست پێکردنیدا دەیفەرموو (...واهدني لأحسن الأخلاق . لا يهدي لأحسنها إلا أنت . واصرف عني سيئها . لا يصرف عني سيئها إلا أنت) رواه مسلم.

بەواتای پەروەردگارا رێنمویم بکە بۆ چاکترین رەوشت، رێنمویی کەرێ نیە بۆ چاکترین رەوشت جگە لە تۆ، رەوشتی خراپم لێ دورخەرەوە، جگە لە تۆ کەس رەوشتی خراپم لێ دوور ناخاتەوە.

هەروەها فەرمویەتی: (اللهم إني أعوذ بك من منكرات الأخلاق والأعمال والأهواء) الراوي :قطبة بن مالك الثعلبي المحدث : الألباني -المصدر :صحيح الترمذي - الصفحة أو الرقم:3591 ، خلاصة حكم المحدث :صحيح.

بەواتای خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە ڕەوشت و کردارو حەزو ئارەزووی خراپ و ناپەسەند .

٢-هەست کردن بە چاودێری کردنی خوای گەورە لە پەنهانی و ئاشکراییدا:

پڕوا لە دڵ و دەروندا بەهێز دەبێت بە زۆر کردنی تاعەت و خواپەرستی و دوور کەوتنەوە لە گوناهو تاوان (موحاسەبی) لەمبارەیەوە وتویەتی (المراقبة علم القلب بقرب الرب، كلما قويت المعرفة بالله قوي الحياء من قربه و نظره) .

بەواتای: چاودێری، زانینی دڵە بە نزیکی پەروەردگار، هەرچەندە ناسینی خوای گەورە بەهێز بێت، شەرم کردنیش بەهێز دەبێت لە نزیکی و تەماشاکردنی خوای گەورە بۆ بەندەکە.

ئەمەو گەر مرۆڤ هەستی کرد کەمتەرخەمە لە فەرمانەکانی خوای گەورە، ئەوا هەوڵ دەدات و داوا لە پەروەردگار دەکات یارمەتی بدات، تا بەتەواوی و بەکامڵی و بە دروستی فەرمانەکانی جێ بەجێ بکات، لێرەدا مرۆڤ بەراورد دەکات لە نێوان نیعمەت و چاکەکانی خوای گەورە بە سەریەوە و، ئەو کەمتەرخەمییەی نواندویەتی، ئەمەش بێگومان شەرم کردنی لێ فەراهەم دێت.

هەر لەم بارەوە جونەید (ڕەحمەتی خوای لێبێت )فەرمویەتی: (الحياء رؤية الالاء ورؤية التقصير فيتولد بينهما حالة تسمى: الحياء).

بەواتای شـەرم کردن بینینی نیعمەتەکانی پەروەردگارو بینینی کەمتەرخەمیەکانە، لە نێوان ئەم دوانەدا حاڵەتێك دێتە دی کە پێی ی دەوترێت شـەرم کردن.

٣-تێکۆشـان: رەوشـتی بەرز و جوان و لە نێویاندا شـەرم کردن جۆرێکە لە رێنمویی کردن، بەهەوڵ و تێکۆشـان بە دەسـت دێ هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی {وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ} العنكبوت: ٦٩.

تێکۆشـان پێویسـتی بەبەردەوامی هەیە ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ جارێك یان چەند جارێك تێبکۆشـێت و کۆشـشـی دەرونی خۆی بکات، بەڵکو ئەوە دەخوازێت مرۆڤ تا مردن بەبەردەوامی خەریکی خاوێنکردنەوەی دەرونی خۆی بێت، چونکە تێکۆشـان خواپەرسـتیەو دەچێتە نێو فەرمانی خوای گەورەوە کە فەرمویەتی {وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ} الحجر: ٩٩. واتە: بەردەوام پەروەردگارت بپەرسـتە، هەتا مردن یەخەت پێ دەگرێت.

٤-لێپرسـینەوە: پێویسـتە مرۆڤ رەخنە لە خۆی بگرێت و سـەرزەنشـتی بکات، کاتێك کارێکی ئەنجامدا پێێچەوانە بوو بە شـەرم و رەوشـت جوانیەوە، وای لێ بکات جارێکی تر نەگەڕێتەوە سـەری، لەگەڵ کارکردن بە بنەمای پاداشـت و سـزا، هەرکات کاری چاکی کرد ئەوا پاداشـتی دەرونی خۆی بداتەوە بەو شـتانەی رێپێدراون، ئەگەر کەمتەرخەم بوو یان خراپەی کرد، ئەوا پێویسـتە زبرو توند بێت بەرامبەر بە دەرونی خۆی و زاڵ بێت بەسـەریدا و، ئەوەی دەرونی ویسـتی رێگری لێ بکات. ئەمانەش هەموو دەبنە

مایەیی ڕێکخستن و هەموار کردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەرەو چاکترین شێوە.

٥-بیر کردنەوە لە ناسینی خوای گەورە: ئەمەش لە میانەی ناوە پیرۆز و سیفاتە بەرزو جوانەکانیەوە دەبێت، کە چاودێری خوا بەسەر بەندەکانیەوە دەگەیەنێت، وەك (الرقیب. الشهید. العلیم. السمیع. البصیر. ) گەر بەشێوەیەکی قوڵ و دروست بیری کردەوە لە ناو و سیفاتە بەرز و جوانەکانی خوای گەورە ئەوا لە دڵدا گەورەیی خوای گەورە پەرە دەسێنێ و گەورە دەبێت. حاتەمی ئەصەم وتویەتی (تعاهد نفسك فی ثلاث: اذا عملت فاذکر نظر الله تعالی علیك، واذا تکلمت فانظر سمع الله منك، واذا سکتّ فانظر علم الله فیك). بەواتای (خۆت لەسەر سێ بار رابێنە: هەر کارێکت کرد بیر لە چاودێری خوای گەورە بکە ڕەوە بەسەرتا، وە ئەگەر قسەیەکت کرد پڕوانە خوای گەورە وتەکانت دەبیستێت، وە گەر بێدەنگ بویت،پڕوانە خوای گەورە ئاگاداری دڵ و دەروونتە).

هەندێ لە زانایان فەرمویانە (صدق الایمان التعظیم لله، وثمرته الحیاء من الله) بەواتای راستیەتی ئیمان بەگەورە گرتنی خوای گەورەیە و بەرو بومەکەشی شەرم کردنە لە خوای گەورە

٦-بیرکردنەوە لە دەرئەنجامی واز هێنان لە شەرم کردن: ئەمەش بە بیرکردنەوە لەوەی کە وازهێنان لە شەرم کردن پەشیمانی و خەم و حەسرەت و رق و توڕەیی لە دەرونی خەڵکدا دێنێتە دی، ئەمەش وا دەخوازێت مرۆڤ خۆی پڕازێنێتەوە بە رەوشتی جوان و لە نێویاندا شەرم کردن.

٧-خۆپاراستن لە بێئومێدی سەبارەت بە چاکبوونی دڵ و دەرون: کەسانێك هەن گەر توشی شتێك بوون کە پێچەوانەی بەهاو

ڕەوشت بوو، هەوڵیان دا خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لێرەدا توشی بێئومێدی دەبن لەخۆ چاکردن و، واز لەهەوڵ و تێکۆشان دەهێنن.

ئەمجۆرە کارو بیرکردنەوانە بۆ پڕوادار نەشیاوە، بەڵکو پێویستە لەسەری ویست و خواستی بەهێز بکات و هەوڵ بدات بۆ تەواوکردنی دەرونی خۆی، وە تێبکۆشێت بۆ لەناوبردنی خەوش و کەمو کورتیەکانی، دەبێت بزانین کەسانێکی زۆر هەن بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی خۆیانەوە گۆڕانیان بەسەردا هات و هەڵەو تاوان و کەموکورتیەکانیان کەمی کرد.

٨-سوپاس گوزاری نیعمەتەکانی خوای گەورە: نیعمەتەکانی پەروەردگار بەسەر بەندەکانیەوە زۆر و بێشومارن و نایەنە ژماردن هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی: {وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ} إبراهيم: ٧.

بەواتای لەیادتان بێت کە پەروەردگارتان بڕیاری داوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاس گوزارو شوکرانە بژێربن رزق و رۆزی و نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام : ئەگەر ناشوکرو سوپاس ناپەزێربن، بەراستی ئەو کاتە ئیتر تۆڵەو سزای من زۆر بە ئازار دەبێت.

٩-بەردەوام بوون لە خوێندنەوەی ئەو کتێب و نامیلکەو بابەتانەی لەسەر فەزڵی شەرم و ئاپروو نوسراون. هەروەها ئەو کتێبانەی باسی ڕەوشت دەکەن، لە بەرئەوەی مرۆڤ گەر هوشیارو ئاگادار بێت بە ڕەوشتە بەرزو جوانەکان ئەوا فاکتەرێکی باشە بۆئەوەی وا بەستەی ئەو ئاکارو ڕەوشتانە بێت و لەوپێناوەدا هەوڵ و تێکۆشان بکات و دوور کەوێتەوە لە سستی و کەمتەرخەمی.

١٠-هاوڕێیەتی کردنی پیاو چاکان و پابەند بوون بە ڕەوشتەکانیانەوە لە بەرئەوەی مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا هاورێیەتی دەوروبەر کاری تێدەکات، موجاهید لەم بارەیەوە فەرمویەتی (لو أن المسلم لم يصب من اخيه الا ان حياءه منه يمنعه من المعاصي لكفاه) .

بەواتای گەر مسوڵمان لە برا مسوڵمانەکەی هیچی دەست نەکەوێت، ئەوا شەرم لێکردنەکەی بەسە بۆی کە دەیپارێزێت لە گوناهو تاوان .

١١-خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەو پیاو چاکانەی کە مامۆستاو رابەرن و لەسەروی هەموانەوە ژیان نامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) ئیمامی ئیبن حەزم (ڕەحمەتی خوای لێبێت ) فەرمویەتی (هەر کەسێك خێری رۆژی دوایی و دانایی دونیاو دروستی ژیان و بە دەست هێنانی هەموو فەزڵ و ڕەوشتە پەسەند و چاکەکانی دەوێت، با پابەندی پێغەمبەری خوا بێت) (صلى الله عليه وسلم ) .

ئینجا خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەران و هاوەڵان و زانایانی پایەبەرزی ئیسلام بە مەبەستی سود بینین لە ڕەوشت و ئاکارو خواپەرستیان بە گشتی.

١٢-ورە بەرزی: ورە بەرزی پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی باڵا هەیە، خاوەنەکەی بێزی دێتەوە لە ئەنجامدانی کرداری سوك و قێزەون، ورە بەرزی خاوەنەکەی دەپارێزێت لە هەڵوێستی سوك و رسوایی و هەڵگرتنی سیفاتی خراپ و ناڕەوا، لەم بارەیەوە ئیمامی ئیبن القيم فەرمویەتی: (فمن علّت همه، وخشعت نفسه اتصف بكل خلق جميل، ومن دنت همته، وطغت نفسه اتصف بكل خلق رذيل) .

بەواتای هەرکەسێك ورەی بەرز بوو، دەرونێکی ملکەچی هەبوو، ئەوا ئەو کەسە بەخاوەنی هەموو رەوشت گەلێکی جوان دادەنرێت. هەرکەس ورەیەکی نزمی هەبوو، وە دەرونی زاڵ بوو بەسەریدا ئەوا ئەو کەسە بە خاوەنی هەموو خراپەو سوکییەك دادەنرێت).

هەروەها فەرمویەتی: (فالنفوس الشریفه لا ترضی من الاشیاء الا باعلاها، وافضلها، و احمدها عاقبه. والنفوس الدنیئه تحوم حول الدناءات وتقع علیها کما یقع الذباب علی الاقذار. فالنفس الشریفه العلیه لا ترضی بالظلم، ولا بالفواحش، ولا بالسرقه، والخیانه، لانها اکبر من ذلك و اجل. والنفس المهینه الحقره والخسیسه بالضد من ذلك).

بەواتای دڵ و دەرونە بەرز و شکۆدارەکان رازی نابێت بەشتەکان، جگە لە شتە گەورەو باڵاکان و چاکەکان، ئەو شتانەی ئەنجامی ستایش کراویان هەیە، بەڵام دەرونە بەد و خراپەکان بەدەوری شتە خراپەکاندا دەخولێنەوە، بەسەریەوە دەنیشنەوە هەروەك چۆن مێش بەسەر شتی پیسەوە دەنیشێتەوە، دەرونە شەرەف مەندە باڵاکان رازی نابێت بە زوڵم و خراپە کاری و دزی و خیانەت، لە بەرئەوەی ئەم دەرونانە زۆر لەوە گەورەترو بەرێزترن کە کاری وایان لێبوەشێتەوە، بەڵام دەرونە بۆگەن و خراپەکان بە پێچەوانەی ئەمەوەن.

١٣-ئارامگرتن: یەکێك لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە رەوشتی چاکی لەسەر بینا دەکرێت ئارامگرتنە، چونکە لە میانەیەوە مرۆڤ فێری خۆگری و خواردنەوەی رق و کینەکانی و دوور کەوتنەوە لە ئازاردنی خەڵکی دەبێت، هەروەها فێری نەرم و نیانی و دوور کەوتنەوە لە سەرکەشی و هەڵەشەیی دەبێت.

١٤-پاكیزەیی: پاكیزەیی وامان لێدەكات دوور كەوینەوە لە سیفاتی خراپ لە رەفتار و گوتار و خراپەكاری و بەخیلی و درۆو دووزمانی و غەیبەت و...، هەروەها پاكیزەیی و شەرم كردن خۆی لەخۆیدا چڵەپۆپەی هەموو كارێكی چاكەیە.

١٥-خوێندنەوەی قورئان بە بیركردنەوە وتێڕامان، قورئان كتێبی رێنوێنی و روناكییە، كتێبی رەوشت و دەستوری ژیانەو رێنمونی كەرە بۆ هەموو كارو ئاكارێكی جوان وە راسپاردەی گەورەو گشتی و فراوانی تێدایە بۆ بنەماكانی رەوشت بەرزی وەگەر مرۆڤایەتی وابەستەی بن ئەوا رەوتی ژیان بە ئاراستەیەكی زۆر باشدا دەڕوات، لێرەدا تەنها ئاماژە بە ئایەتێكی قورئان دەكەین كە رەوشتە بەرزەكانی كۆكردۆتەوە ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ الاعراف: ١٩٩. بەواتای كاری ئاسان لە خەڵكی داوا بكەو چاوپۆشی لە هەڵەو كەموكوڕیەكانیان بكەو، فەرمان بدە بە چاكەو كردەوەیەك كە پەسەندی شەرعە، روش وەرگێڕەو پشت بكە لە نەفام و تێنەگەیشتوان.

١٦-رزگار بوون لە دەستەڵاتی حەزو ئارەزووی دڵ و دەرون: رزگار بوون و دەرباز بوون لە دەستەڵاتی حەزو ئارەزووە دەرونیەكان دەبێتە مایەی ئاوەدانی دڵ وز دەرون بە خواپەرستی و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی رەزامەندی خوای گەورە، ئیمامی غەزالی( رەحمەتی خوای لێبێت ) فەرمویەتی: (فكل ذلك لتصاعد دخان الهوى الى القلب حتى يظلم و تنطفى و منه انواره، فينطفى و نور الحياء، والمروءه، والايمان، ويسعى فى تحصيل مراد الشيطان).

واتا: هەموو ئەوانە بەهۆی بەرزبونەوەی دووكەڵی ئارەزوو ویستیەوە دێتەدی و دەگاتە دڵ و دەرون، ئەوكاتە دڵ تاریك دەبێت و روناكیەكانی دەكوژێنەوە، ئینجا روناكی شەرم و پیاوەتی و جوامێری

و ئیمان دەکوژێنەوە و، دەرونەکە هەوڵ دەدا بۆ بەدەست هێنانی مەرازەکانی شەیتان.

١٧-خاوێن کردنەوەی دڵ و دەرون بە عیبادەت و خوا پەرستی: ئەمەش گەورەترین میکانیزمە بۆ بە دەست هێنانی رەوشتە بەرزو باڵاکان خوای گەورەش لە قورئاندا فەرمویەتی: {قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا} الشمس: ٩.

واتا: بەراستی ئەو کەسە سەرفرازە کە دەرونی پاك و پوختە کردۆتەوەو ئیمان و ترسی خوای تیا رواندووە .

هەروەها فەرمویەتی: {قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ} الاعلى: ١٤ واتا: ئەو کەسە سەرفرازە کە دەرونی خۆی پاك راگرتووە .

١٨- وەفاداری بەرامبەر بە خوای گەورەو بەرامبەر بە خەڵکان: هەرکەسێك وابەستەی ئەم سیفەتە بێت، دوور کەوێتەوە لە کارو رەفتاری خراپ، ئەوا سەرفراز و سەرکەوتووە. ئیمامی ئەبو حاتەم (رەحمەتی خوای لێبێت ) وتویەتی: (ولا حياء لمن لا وفاء له، ولا وفاء لمن لا اخاء له، ومن قل حياءه صنع ما شاء وقال ما احب).

بەواتای هەر کەسێك وەفای نەبێت ئەوا شەرمی نییە، وە هەرکەسێ برایەتی نەزانێت وەفای نییە، هەرکەسێك شەرمی کەم بێت هەرچی بیەوێت دەیکات و هەرچی حەزبکات دەیلێت.

## بەشی حەوتەم: شوێنەواری رەوشت و شەرم لە سەر تاك و کۆمەڵ:

شەرم بە مانا شەرعیەکەی کارێکی خوازراوە و پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەم مەبەستە هانمان دەدات، لەبەرئەوەی هۆکارێکە بۆ کاری خێرو چاکە بەربەستێکە لەبەردەم گوناهو تاوان، مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە کاری نەشیاو و ناڕەوا ڕێگری دەکات و لەو کارانەی دەبێتە مایەیی شورەیی و گلەیی، گەر ئەمانە شوێنەواری شەرم بن ئەوا بێگومان شەرم رەوشتێکی بەرز و ستایش کراوەو هەرخێری لێدەوەشێتەوە، کەسێك کارێکی خراپەی بەدڵدا بێت ئەوا شەرم کردنەکەی ناهێڵێت ئەنجامی بدات. گەر کەسێکی نەفام دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوا شەرمەکەی ڕێگری دەکات لەوەی خراپە بەخراپە وەڵام بداتەوە، یان کەسێك داوای شتێکی لێبکات ئەوا شەرمەکەی ڕێگری دەکات لەوەی بێبەشی بکات. هەروەها لە نێو کۆڕو خەڵکدا شەرمەکەی زمانی دەپارێزێت لەو گوتارانەی کە نەشیاون، هەروەها ئەو باس و خواسانەی پەیوەندیان بەوەوە نیە.

ئەمەو شوێنەواری شەرم کردن زۆر لەمانە گەورەترو بەرفراوانترە و سنوری تاك تێدەپەڕێنێت و کاریگەری لەسەرتاك بەجێدەهێڵێ و کاردەکاتە سەر کۆمەڵگاو نەتەوە بەگشتی، لە بەر گرنگی باسەکەمان دابەشی دەکەین بۆ دوو سەرە باسی سەرەکی:

باسی یەکەم: شوێنەواری رەوشت لەسەر کۆمەڵگاو نەتەوەو تاکەکەس

١-سەبارەت بە کۆمەڵگا و نەتەوە:

لێرەدا ئاماژە بە چەند شوێنەوارێك دەدەین بە کورتی.

ا- هێزو توانای نەتەوەو زۆربونی بەرهەم: رەوشت بنەمای سەرەکی دامەزراندنی شارستانیەکانە، بە ئەزموون سەلمێنراوە کە بیروباوەڕ و رەوشت و دابونەریتی رەسەن و دروست، بزوێنەری سەرەکین بۆ دروست بوونی کۆمەڵگایەکی چاك، ئەگەر کۆمەڵگا لەسەر ئەم بنەمایانە بیناو پەروەردە کرا، ئەوا ئەو کات ئەوەندە یاساو رێسات پێویست نابێ بۆ چاکردنی رەوتی کۆمەڵگا. هەرکات کۆمەڵگا تووشی ئیفلیجی رەوشت بوو ئەوا ئەو بنەمایانەی لە دەست داوە کە زۆرێك لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر بیناکراوە، هەروەها ئەو بنەمایانەی کە متمانەی خەڵکی لەسەر دامەزراوە، بەم شێوەیە کۆمەڵگا کاریگەری فیکری و گیانی لە دەست دەدات، هەرچەندە توانای شارستانی مادی لە فراوان بوون و گەشەکردندا بێت. هەربۆیە ناتوانین بەردەوام بین لە گرتنە بەری رێگایەکی راست و دروست بۆ بەرهەم هێنان و گەشەکردن تا خاوەنی رەوشتێکی قوڵ و دابونەریتێکی رەسەن و دامەزراو نەبین لە ناخ و خودی خۆماندا.

ب- زۆربونی رزق و بەرەکەت لە رۆزی و ماڵ و ژیان و تەمەندا لەم بارەیەوە پیغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (إنه من أعطي حظه من الرفق فقد أعطي حظه من خير الدنيا والآخرة وحسن الخلق وحسن الجوار يعمران الديار ويزيدان في الأعمار) الراوي :عائشة المحدث :الألباني -المصدر :السلسلة الصحيحة - الصفحة أو الرقم: 2/49، خلاصة حكم المحدث :إسناده ضعيف ولكن لعله لا بأس به في المتابعات.

بەواتای هەر کەسێك پشکی خۆی پێ درابێت لە نەرم ونیانی، ئەوا بەشی خۆی پێدراوە لە خێرو چاکەی ژیانی دونیاو رۆژی دوایی،

بەجێهێنانی مافی خزمایەتی، رەوشتی چاك و بەرز، مامەڵەکردنی چاك لەگەڵ دراوسێدا، وڵات ئاوەدان دەکاتەوە و تەمەن دریژ دەکات .

ج-هەموو گەل و نەتەوەکان رێز و ستایشی ئەو نەتەوەیە دەکەن، کە خاوەنی رەوشتی بەرز و جوانەو دەیکەنە سەرمەشق و پێشەوای خۆیان.

د-دەبێتە مایەیی مانەوەی نەتەوەو گەشەسەندنی و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

٢-سەبارەت بەتاکەکەس:

شوێنەواری رەوشت لەسەر تاکەکەسی لە چەند خاڵێکدا دەخەینە روو:

ا-هەست کردن بە دڵنیایی وئاسایش و حەسانەوەی دەرونی لەکاتێکدا رەوشتی چاك دەنوێنین لەگەڵ خەڵکیدا، بۆئەم مەبەستە هەندێك لە رەوانبێژان وتویانە: (الحسن الخلق من نفسه في راحة، والناس منه في سلامة. والسيء الخلق الناس منه في بلاء وهو من نفسه في عناء) .

بەواتای رەوشت بەرزان لە دەرونی خۆیاندا حەساوەن و خەڵکی لێیان بێوەیە. ئەوانەی رەوشتیان خراپە بەڵان بۆ خەڵکی و دەرونیشیان لە ئازارو ناڕەحەتیدایە.

ب-رەوشت بەرزان ئەمینن لە خود و ماڵ و سامان و... هتد.

ج-مافەکانی بەدەست دێنێ و ئەرکەکانی بەرامبەر بە کۆمەڵگا جێ بەجێ دەکات.

د-بڵاوبونەوەی گیانی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان و هاوکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا.

باسی دووەم: شوێنەواری تایبەتی شەرم کردن.

لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین شوێنەوارە تایبەتیەکانی شەرم دەکەین لە چەند خاڵێکدا:

١-هۆکارە بۆ گەیشتن بەبەهەشت و رزگاربون لە دۆزەخ : لەبەرئەوەی کۆی گشتی بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن رەوشت بەرزی هۆکاری چونە بەهەشتە و شەرمیش بەشێکی گرنگی رەوشت بەرزییە.

٢-بەیەکێك لە سیفاتەکانی ئیمان و هۆبەیەك لە هۆبەکانی ئیمان دادەنرێت و بەڵگەشە لەسەر چاکێتی مسوڵمان.

٣-هۆکارێکە بۆ ژیانی دڵ و دەرون، چونکە شەرم دڵ و دەرون ئاوەدان دەکاتەوە بە خاوێنی بەردەوام، چێژی حەزو ئارەزووە سەرکەشەکان لە دڵ و دەرون دەردەکات. بەردەوام بوونی شەرم، حەرام کراوەکانی خوا لە دڵدا گەورە دەکات. فەزیڵی کوڕی عەیاض (رەحمەتی خوای لێبێت) فەرمویەتی (خمس من علامات الشقوە: القسوە فی القلب، وجمود العین، وقلە الحیاء، والرغبە فی الدنیا، وطول الامل).

بەواتای پێنج شت لە نیشانەکانی مل هوری و بەدبەختییە: دڵ رەقی، چاوێك فرمێسك نەڕێژێ، کەمی شەرم و حەیا، حەزو ئارەزوی دونیا ویستی، حەز و هیوای نەپراوە.

٤-هۆكارێكە بۆ هەموو خێروچاكەیەك، كۆڵەكەیەكە بۆ هەموو فەزیڵەتێك، ئیمامی عەلی (خوای لێ رازی بێت) لەم بارەیەوە فەرمویەتی: (والحياء سبب الى كل جميل). بەواتای شەرم و ئابڕو هۆكارە بۆ هەموو شتێكی جوان .

ئیمامی ئەبو حاتەم (رەحمەتی خوای لێبێت) فەرمویەتی (ان المرء اذا اشتد حياءه صان عرضه، ودفن مساويه، ونشر محاسنه. ومن ذهب حياءه ذهب سروره، ومن ذهب سروره هان على الناس ومقت، ومن مقت أوذي، ومن أوذي حزن، ومن حزن فقد عقله، ومن اصيب في عقله كان اكثر قوله عليه لا له. ولا دواء لمن لا حياء له).

بەواتای مەردوم گەر شەرم و حەیای پتەوی هەبوو ئەوا ناموس و ئابڕوی پارێزراوە، خراپەكانی شاراوەیە، چاكەكانی بڵاو دەبێتەوە، هەر كەس شەرم و ئابڕوی بچێت ئەوا خۆشی و شادی لەدەست دەدات، وەهەر كەس خۆشی و شادی لە دەست چوو ئەوا كەسێكی سوك و رسواو نەویستراوە، هەر كەس سوك و رسواو نەویستراو بوو ئەوا ئازار دەچێژێ، هەر كەس ئازار بچێژێ، غەمبار دەبێت هەركەسێكیش غەمبار بێت عەقڵ وژیری لە دەست دەدات وە هەر كەس عەقڵ و ژیری لە دەستدا زۆربەی وتەكانی لەسەری دەكەوێ و زیانە بۆی و لەبەرژەوەندیدا نیە، وە ئەوەی شەرم و ئابڕوی نەبوو دەرمان و چارەسەری نییە .

٥-هۆكارێكە بۆ دوور كەوتنەوە لە گوناهو تاوان، چونكە وازهێنان لە تاوان بەروبومی شەرمە، لەبەرئەوەی مرۆڤ گەر شەرمی كرد لە ئەنجامدانی كارێك هەرگیز نایكات یان وازی لێ دێنێت. گەر مرۆڤ پابەند بێت بەشەرمەوە ئەوا خێری تێدایە، هەروەها كەسانی بێ ئابڕوو گەر پابەند بن بە خراپەوە، ئەوا خێریان تێدا نییەو خراپەیان تێدایە، چونكە شەرم كردن رێگرە لە نێوان مرۆڤ و كاری خراپەدا، تا

شەرم تێیدا بەهێز بێت، ئەنجامدانی خراپە لاواز دەبێت، بەپێچەوانەوە تا شەرم کردن لاوازبێت، ئەنجامدانی خراپەو تاوان بەهێز دەبێت. ئیمامی (مەناوی) دەڵێت: (لا یکون المستحی فاسقا، ولا الفاسق مستحیا، لتنافی اجتماع العفه والفسق).

واتا: کەسانی شەرمن گومڕا و دەرچوو نابن، کەسانی گومڕاو خراپەکار شەرمن نابن، چونکە پاکیزەیی و گومڕایی دژن و پێکەوە کۆنابنەوە.

٦- هاندەرێکە بۆ روکردنە خواو خواپەرستی و ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوای گەورە بە تەواوی و دروستی و هۆکارێکیشە بۆ لێخۆشبونی خوای گەورە.

٧-خاوەنەکەی بەرگی ویقار دەپۆشێت و کارێك ئەنجام نادات پێچەوانە بێت بە ویقارو کەسایەتی، ئەزیەتی ئەو کەسانە نادات کە شایستەی رێز لێنانن، هاوەڵی ئەو کەسانە ناکات کە ئاپڕو کەسایەتیان لەکەدارە. گەر مرۆڤ ئەمانەی کرد ئەوا خۆشەویستە لای خەڵك و نزیکە لێیانەوەو چاوساغ و پێشەوایانە و بەردەوام بە چاکە یاد دەکرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ژیری و ویقاری خاوەنەکەی، وەك وتراوە: (لا ترض قول أمرىء حتى ترضى فعله ولا فعله حتى ترضى عقله ولا عقله حتى ترضى حياءه).

واتا: بەوتەی کەسێك رازی مەبە تا لە کردەوەکانی رازی دەبیت، لە کردەوەکانی رازی مەبە تا لە عەقڵ و ژیری کەسەکە رازی دەبیت، لە ژیری رازی مەبە تا لە شەرم و ئاپڕوی کەسەکە رازی دەبیت.

٨-هۆکارێکە بۆ پابەندبوون بە رەوشت و ئاکاری پێغەمبەرانەوە، لە بەرئەوەی شەرم سیفەتێکە لە سیفاتی پێغەمبەران و هاوەڵان و پێشینی نەتەوەی ئومەتی ئیسلام، پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه

وسلم ) لەم ڕووەوە فەرمویەتی: (خمس من سنن المرسلين الحياء والحلم والحجامة والسواك والتعطر) . الراوي :يزيد الخطمي والد عبدالله المحدث :ابن جرير الطبري -المصدر :مسند ابن عباس - الصفحة أو الرقم: 1/513، خلاصة حكم المحدث :إسناده صحيح.

له ریوایەتێكی تردا فەرمویەتی: (أربع من سنن المرسلين : الحياء ، و التعطر ، و السواك ، و النكاح) الراوي :أبو أيوب الأنصاري المحدث : الألباني -المصدر :إرواء الغليل - الصفحة أو الرقم: 75 ، خلاصة حكم المحدث :ضعيف.

واتا: پێنج شت له سونەتی پێغەمبەراندایە: شەرم و نەرمونیانی و کەڵەشاخ و سیواك و بۆن خۆشی. لەریوایەتێكی تردا هاتووە شەرم و بۆن خۆشی و سیواك و ژن هێنان.

٩-هۆكارێكە بۆ خۆشەویستی خوای گەورە ، پێغەمبەری خوا(صلی الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (إن الله عز وجل حيي ستير يحب الحياء والستر) الراوي :يعلى المحدث :الألباني -المصدر :صحيح أبي داود - الصفحة أو الرقم: 4011 ،خلاصة حكم المحدث :صحيح.

بەواتای خوای گەورە بەشەرم و حەیا و داپۆشەرە، شەرم و حەیاو پارێزراوی و داپۆشینی خۆش دەوێت .

ئیمامی ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: (خوای گەورە كەسانی خاوەن شەرم و ئابڕوی خۆشدەوێ) .

١٠-هۆكارێكە بۆ گیرابوونی نزاو پاڕانەوە لای خوای گەورە، وەك له ئەسەردا هاتووە خوای گەورە فەرمویەتی (ما انصفني عبدي.. يدعوني فاستحي ان ارده و يعصيني ولا يستحي مني).

بەواتای بەندەکانم لەگەڵما دادپەروەر نین، لێم دەپاڕێنەوە شەرم دەکەم وەڵامیان نەدەمەوە، لێم یاخی دەبن و شەرمم لێ ناکەن ).

ئیمامی ابن القیم فەرمویەتی: (شەرم کردنی پەروەردگار لە بەندەکانی جۆرێکی تایبەتە لەشەرم، هزرو بیری ئێمە دەرکی پێ ناکات، چونکە شەرمی خوای گەورە شەرمی گەورەیی و چاکەو بەخشش بۆ بەندەکانی، خوای گەورە خوایەکی بەشەرم و بەڕێزە شەرم دەکات لە بەندەکانی گەر دەستی نزایان بەرز کردەوە بە دەستی خاڵی بیانگەڕێنێتەوە).

لەکۆتاییدا لە پەروەردگاری مەزن و کاربەجێ خوازیارم و دەپاڕێمەوە نیعمەتی شەرم و حەیامان پێ ببەخشێت و لەگەڵ کۆمەڵی خۆپارێزاندا کۆمان بکاتەوە.

وصلی الله علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم

## سەرچاوەکان


١-تەفسیری ئاسان، م. برهان محمد امین

٢- صحیح البخاری ومعه من هدی الساری شرح صحیح البخاری للامام ابن حجر العسقلانی، تحقیق خلیل مامون شیحا، دار المعرفه، بیروت لبنان الطبعه الثانیه ١٤٢٨ ە_ ٢٠٠٧م

٣- صحیح مسلم، للامام الحافظ مسلم بن الحاج النیسابوری ، حقق اصوله و خرج احادیثه علی الکتب السته ورقمه الشیخ خلیل مامون شیحا، دار المعرفه بیروت _ لبنان الطبعه الثانیه ١٤٢٨ە – ٢٠٠٧ م

٤- سنن ابى داود، للامام الحافظ المصنف المتقن ابى داود سليمان ابن الاشعث السجستانى الاذدى - تحقيق : جمال احمد حسن و محمد بربر، المكتبه العصريه _ صيدا –بيروت ١٤٢٩ه -٢٠٠٩ م

٥- سنن ابن ماجه، للامام الحافظ ابى عبدالله محمد بن يزيد القزوينى - المكتبه العصريه، صيدا –بيروت ١٤٢٨ه -٢٠٠٧م .

٦- سنن النسائى، المسمى بالمجتبى، طبعه مخرجه الاحاديث على باقى الكتب السته ومسند الامام احمد و مرقمه الكتب والابواب على المعجم المفهرس وتحفه الاشراف مع فهرس اطراف الاحاديث على ترتيب الحروف . وبهامشه حاشيه الامام السندى المتوفى ١٠٣٨ه، تخريج وترقيم و ضبط، صدقى جميل العطار، دارالفكر للطباعه و النشر والتوزيع – بيروت – لبنان الطبعه الاولى ١٤٢٥ -١٤٢٦ ه- ٢٠٠٥ م

٧-سنن الترمذى وهو الجامع المختصر من السنن عن رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) ، ومعرفه الصحيح والمعلول وما عليه العمل طبعه مخرجه الاحاديث على باقى الكتب السته ومسند الامام احمد و مرقمه الكتب والابواب على المعجم المفهرس وتحفه الاشراف مع فهرس اطراف الاحاديث على ترتيب الحروف واثبات الاحاديث المستدر كه، تخريج وترقيم و ضبط، صدقى جميل العطار، دارالفكر للطباعه و النشر والتوزيع – بيروت – لبنان الطبعه الاولى ١٤٢٥ -١٤٢٦ ه- ٢٠٠٥م

٨- پوختەی صەحیحی موسلیم.

٩- الحياء فى حياه المسلم/ عبدالرحمن بن فؤاد الجار الله، كتاب منشور فى الانترنيت..

١٠- موسوعه من اخلاق الرسول اعداد / محمود المصرى ابو عمار دار التقوى الطبعه الاولى ٢٠٠٧.

١١- موسوعه نظره النعيم فى مكارم اخلاق الرسول الكريم (صلى الله عليه وسلم). اعداد مجموعه من المختصين باشراف صالح بن عبدالله بن حميد امام وخطيب الحرم المكى و عبدالرحمن بن حمد بن عبدالرحمن ملوح مؤسس دار الوسيله للنشر و التوزيع/ دار الوسيله للنشر و التوزيع الطبعه الثانيه ٢٠٠٠ م.

١٢- اخلاق المؤمن، عمرو خالد/ دار المعرفه – بيروت – لبنان الطبعه الرابعه ٢٠٠٤.

١٣- رياض الصالحين للامام ابى زكريا يحيى بن شرف النووى الدمشقى تحقيق سيد عمران – محمد محمود عبدالعزيز – على محمد على _ جمال محمود ثابت / دار الحديث، القاهره الطبعه الاولى ٢٠٠٣.

١٤- تنبيه الغافلين تاليف الامام الفقيه ابى الليث نصر بن محمد الحنفى السمر قندى علق عليه و خرج احاديثه عبدالرحمن الهاشمى بدون التاريخ.

١٥- مدارج السالكين فى شرح منازل السائرين، تاليف الامام ابن قيم الجوزيه تحقيق الدانى بن منير ال زهوى، المكتبه العصريه – صيدا –بيروت ٢٠٠٨-١٤٢٩ .